

# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ حوسێن نازدار

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- گرینگیی سیستمی دێموکراتیکی فیدراڵ لە دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئێراندا........................................ ٤
٢- پێویستیی کورد لەم قۆناخەی خەباتی نەتەوایەتیدا........................................................................ ٩
٣- مەبەست لە هەڵبژاردنی ئازادو دێموکراتیک........................................................................... ١٢
٤- پێویستیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ئێران.......................................................................... ١٤
٥- شوڤێنیزمی فارس حاشا لە بوون و مافی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەکات................................... ١٦
٦- بیرو ڕێبازی شەهید دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەردەم لەگەشەو درەوشانەوە دایە.............................. ١٩
٧- دیکتاتۆرەکان، پێشێلکارانی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤن.................................................................... ٢٢
٨- تایبەتمەندییە بەرزەکانی مرۆڤ................................................................................................ ٢٤
٩- ئازادیی ئەقڵ و ئەندیشەی مرۆڤ لەکۆت وبەندی خورافات، نەریت، ئایدیۆلۆژی و دیکتاتۆری........................ ٢٦
١٠- گرینگیی ئازادی لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا........................................................................... ٢٩
١١- یەکگرتوویی و یەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە بەرژەوەندی کورد دایە............................... ٣٢
١٢- گرینگی ڕۆڵی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا................................................................. ٣٣
١٣- د.قاسملوو، ڕێبەرێکی دێموکرات و سیمای بەرزی مرۆڤایەتی.............................................................. ٣٦
١٤- کۆماری کوردستان، یەکەم حکومەتی مودێرنی کوردی..................................................................... ٣٩
١٥- سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی دا............................................. ٤٢
١٦- ٣٢هەمین ساڵرۆژی تێرۆرکرانی مامۆستا حەسەن شیوەسەلی.............................................................. ٤٥
١٧- ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ڕێزگرتن لە کەمئەندامانی ڕەوتی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.................................. ٤٧
١٨- پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە................................................................................................ ٤٨
١٩- دیکتاتۆرەکان سووکایەتی بەبیرو هەستی مرۆڤ دەکەن..................................................................... ٥٠
٢٠- ڕێبەری دێموکرات........................................................................................................... ٥٢
٢١- ڕێککەوتننامەی "سایکس پیکۆ" و پرسی کورد.............................................................................. ٥٥

٢٢- نێوەرۆک و سیمای دیکتاتۆر........................................................... ٥٦

٢٣- شانۆگەریی هەڵبژاردن لەڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا..................................................... ٥٩

٢٤- ئێران، وڵاتێکی فرەچەشن وفرە نەتەوەیە..................................................... ٦١

٢٥- فێدراڵیزم، گونجاوترین سیستم بۆ ئێرانی داهاتوو..................................................... ٦٢

٢٦- جیاوازییەکانی نێوان فێدراڵیزمو خودموختاری..................................................... ٦٥

٢٧- تایبەتمەندییەکانی کۆنفێدراسیۆن(پەیمانی کۆنفێدراڵی)..................................................... ٦٧

٢٨- کورتە زانیارییەک سەبارەت بە خودموختاری..................................................... ٦٨

٢٩- جیاوازییەکانی نێوان فێدراڵیزم و کۆنفێدرالیزم(کۆنفێدراسیون..................................................... ٧٠

٣٠- جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی حکومەتی یونیتەری (یەکتیکەیی)و حکومەتی فێدراڵی..................................................... ٧٢

٣١- کورتە زانیارییەک سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت ..................................................... ٧٤

٣٢- ڕوانگەی"ستێفێن باتێرلیکۆک"سەبارەت بە سیستەمی سیاسی وڵاتان..................................................... ٧٧

٣٣- فەلسەفە و هۆکارەکانی پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی..................................................... ٧٨

٣٤- شێوە جیاوازەکانی نانێوەندگەرایی سیاسی..................................................... ٧٩

٣٥- ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، فتوای جیهادی خومەینی لەدژی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان..................................................... ٨١




## گرینگیی سیستمی دێموکراتیکی فیدراڵ لە دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئێراندا

مێژووی هاوچەرخی ئێران گەواهی دەدا کە بیرۆکەی نەتەوەسازیی ئێرانی، لە رەوتی شۆڕشی مەشروتە دا گەرا دادەنێ و لە دایک دەبێ و تیۆریزە دەکرێ و لە سەردەمی دیکتاتۆری رەزاشا دا پراکتیزەکردنی شوڤێنیزمی ئێرانی دەبێت بە سیاسەتی فەرمیی رێژیمی پەهلەوی. رەزاشا بە پلان و بەرنامەی پێشتردارێژراو و بە شێوەی سیستماتیک پرۆژەی نێوەندگەرایی دەست پێدەکا، زمانی فارسی بە زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین و کاروباری سیاسی و ئیداری و دەوڵەتی رادەگەیەنێ و زمانی نەتەوەکانی دیکە لە کاروباری ئیداری و پەروەردە پەراوێز دەخات، رێگە لە پێشکەوتن و گەشە کردنی "جۆراوجۆریی زمانی" و فرە کولتووری دەگرێ، پێکهاتەی دیمۆگرافی و جوغرافیایی هێندێک لەو شاروناوچانەی کە نەتەوەیەکی غەیرە فارس تێیدا زۆرینەیە تێکدەدا، ناوی هێندێک لە شار و گوندەکان دەگۆڕێ، رێورەسم و جل و بەرگی نەتەوەکانی غەیرە فارس قەدەغە دەکا، بە گوێرەی بەرژەوەندی شوڤێنیزمی ئێرانی دەست لە مێژووی کۆن و نوێی گەلانی ئێران وەردەدا و دەیان پیلانی دیکە بۆ تواندنەوە و سڕینەوە و لە نێوبردنی فرە چەشنی و فرەشوناسی و شوێنەواری نەتەوەکانی غەیرە فارس دەگێڕێ. لە لایەکی دیکەوە هەموو ئیمکانات و دەسەڵاتی رێژیمی پەهلەوی وەگەڕ دەخات بۆ بنیاتنانی یەک کولتوور، یەک زمان، یەک سیستمی پەروەردەیی، دەوڵەتێکی تاکانە و یەکدەست، خەڵکێکی یەکدەست و سەرەنجام دروستکردنی نەتەوەی ئێران و سەپاندنی شوڤێنیزمی مەزنیخوازی نەتەوەی فارس.

بیرۆکەی شوڤێنیزمی ئێرانی بوو بە سەرچاوەی سەرەکیی کێشە و ململانێیەکی نارەوا لە نێوان نەتەوەی فارس و نەتەوە ستەملێکراوەکان، کێشەیەک کە رەزاخان بەکردەوە دەستی پێکرد و حەمەرەزاشای کوڕی درێژەی پێدا و تەنانەت شەڕی دووەمی جیهانی و شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران نەیتوانی کۆتایی پێ بێنێ و لە چوارچێوەی پێشوودا مایەوە و رێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە شێوەیەکی دیکە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی درێژەی پێدا و تا هەنووکە بەردەوامە.

ئێران لە زۆربەی نزیک بە تەواوی مێژووی هاوچەرخی خۆیدا، بە شێوەی دەسەڵاتی ناوەندی سەرەڕۆ و پاوانخواز بە رێوە چووە و نەتەوەی فارس خاوەنی هەموو ئیمکانات و سەرمایە و دەسەڵاتێک بووە و بە شێوازی جۆراوجۆر نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی چەوساندونەتەوە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێران، گرفتی ئاڵوگۆڕنەکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیخوازانە و دیمۆکراتیک بووە، کێشەی نەگۆڕینی دەسەڵاتدارن و دانەبەزینی ئەسپی سەرکێشی سەرۆک، ئەم کێشە دزێو و بێزراوەیە کە بۆتە ماکە و مەیدانی توندوتیژی و زەبر و زەنگ و کودەتا و جەنگ. وڵاتی ئێران لە ئەزموونی راپەڕین،



سەرچاوە Serchawe

شۆڕش، هەوڵدان بۆ کودەتا، شەڕی پارتیزانی، بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رادیکاڵ و مانگرتن و خۆپیشاندان دا خاوەنی پلە و پێگەیەکی بەرزە، لە راستیدا بەشێکی بەرچاو لە مێژووی مۆدێرنی ئێران لە رەوتی تێکۆشان و ئەزموونی سیاسی کۆمەڵایەتی دا بریتیە لە دووپاتبوونەوەی لێکدابڕانە بەردەوامەکان و زنجیرە هەوڵ و خەباتێکی بێ ئاکام لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی.

بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی ئێران، شوڤێنیستە ئێرانییەکان بە مەبەستی بە تاکانە هێشتنەوە و بە هەمیشەیی کردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی نەتەوەی فارس و "تکۆڵی" کردن لە شوناسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە پلان و پیلانی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە ئەو گوتارە ناڕاست و نارەوایە بسەلمێنن و بچەسپێنن کە ئەو نەتەوانەی ئێران کە رەچەڵەکی "ئاریایی"یان هەیە بەشێکن لە نەتەوەی فارس و ئەو نەتەوانەش کە رەچەڵەکی "ئاڵتایی و سامی"یان هەیە ئێرانی نین. ئەوەی ئێستاش شوڤێنیستە چەپ و راست و دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەکانی ئێران دەیانهەوێ لە باشترین حاڵەتدا سەپاندنی ناسیونالیزمی ساختەیی ئێرانە لە بیچم و فورمێکی دیکەدا.

شایانی باسە کە هەمیشە فاکتۆر و هۆکارە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان لە سەر فۆرم و شێوەی سیستمی حکومەتی و چارەنووسی سیاسیی وڵاتی ئێران کاریگەری چارەنووس سازیان بووە، ئەگەر لە سەدەی رابردوودا دەوڵەتە داگیرکەر و زلهێزەکان بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان پشتیوانیان لە حکومەتێکی ناوەندی یەکدەست و سەرەڕۆی ئێرانی دەکرد، لە بارودۆخی ئەمڕۆ و لە سەردەمی بە جیهانی بووندا دەوڵەتی سەرەڕۆی نەتەوەیی بەو شێوەیە کە شوڤێنیستەکانی ئێران دەیانهەوێ جێگای لێژە، چونکە زلهێزەکانی جیهان بەرژەوەندییان لە بوونی حکومەتێکی ناوەندگەرا و دیکتاتۆر و مەزنیخوازی ئێرانی لە ناوچەکەدا نیە. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگای جیهانیش سەبارەت بە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان، شەڕە ناوخۆییەکان، مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان وەک رابردوو چاوەدێرێکی بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نیە. ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە و خاکێکی رووبەرفراوانی هەیە، کۆمەڵگای ئێران لە رووی نەتەوایەتی،ئێتنیکی، زمانی،ئایینی و کولتوورییەوە پێکهاتەیەکی فرەچەشنە، واتە نەتەوەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ ، تورکمەن و کەمایەتییەکانی ئەرمەنی، ئاسۆری و ژمارەیەک زمان و زاراوەی ناوچەیی وەک: لوڕی، گیلەکی، مازەنی، قەشقایی، ئەفشاری و پێڕەوانی ئایینی جیاواز وەک مەسیحی، یەهوودی، بەهایی، ئێزیدی، زەردەشتی و ئیسلامی (شیعە و سوننی) لە ئێراندا دەژین. لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی دیمۆگرافیی نەتەوایەتی ئێران، دەگەینە ئەو راستییە کە شەش نەتەوەی جیاواز لە ئێراندا دەژین و هیچ نەتەوەیەک بە تەنیا ناتوانێ ئیدیعا بکا کە لە ئێراندا زۆرینەیە، هەر نەتەوەیەک تەنیا لە سەر زەوی باب و باپیرانی و لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا زۆرینەیە، تەنانەت نەتەوەی فارسیش لە بەرابەر کۆی نەتەوەکانی دیکەی ئێران زۆرینەی رەهای نیە، هەر نەتەوەیەکیش کێشەی نەتەوایەتی

خۆی هەیە. لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرەچەشنی ئەوتۆدا کێشە و پرسە گرینگەکانی نەتەوەکانی ئێران بە دەوڵەتێکی تاک پێکهاتە و یەکدەست چارەسەر ناکرێن، چونکە سروشتی پێکهاتەی دەوڵەت - نەتەوەی نێوەندگەرا بەرهەمهێنەری توتالیتاریزمە کە ناتەبایی بنچینەیی لەگەڵ فرەچەشنی و مافی کەمینە جۆراوجۆرەکان دا هەیە.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەتەوەکانی ئێران هەزاران ساڵە نیشتەجێی خاکی خۆیانن، شوناسی کولتووری و نەتەوایەتی دەوڵەمەند و ویژدانی بە کۆمەڵی مێژوویی دوور و درێژیان هەیە و خاوەنی راستەقینەی وڵاتی ئێرانن، بەڵام بە پێی یاساکانی (رابردوو و ئێستای) دەسەڵاتدارانی شوڤینیستی ئێرانی، نەتەوەکانی غەیرە فارس وەکوو نەتەوە بە فەرمیی نەناسراون و خاوەنی هیچ ماف و ئیمتیازێکی نەتەوایەتی نین. دیارە نەتەوە و کەمینەجۆراوجۆرەکانی ئێران ئەمرۆکە زیاتر لە رابردوو وشیاریی سیاسی و هەستی نەتەوایەتیان بەرز بۆتەوە و بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە کە پرسی ئایین و ئایینزا کێشەی سەرەکیی گەلانی ئێران نیە، بەڵکوو ئەوە مەسەلەی نەتەوایەتییە کە بڕبڕەی پشتی کێشەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگای ئێرانە و هەتا ئەو کێشەیە بە شێوەی دادپەروەرانە و دیموکراتی و فیدراڵی چارەسەر نەکرێ ئەو وڵاتە رووی ئاشتی و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێ.

دیموکراسی تەنیا هەڵبژاردنێک نیە کە جاروبار رێک دەخرێ و بەرێوەدەچێ، بەڵکوو رێزگرتنە لە مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکان و پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، رێز گرتنە لە مافی سەربەخۆیی بڕیاردان و ئازادی لە هەڵبژاردنی جۆری بڕیاردانی مرۆڤ، واتە یاسامەند و نەهادینە بوونی ماف و ئەرک و حومەتی تاک، کۆ، کەمینە، زۆرینە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان و خەڵک بە گشتی و دەستەبەر بوونی لە یاسای بنچینەیی وڵاتدا، دیموکراسی کولتووری وتوویژ کردن، لێک تێگەیشتن، یەکتر قبووڵ کردن، حەوانەوە و پێکەوە گونجانی بەرژەوەندی و بیروبۆچوون و دەنگ و رەنگە جیاوازەکانە. لە یاسای بنچینەیی حکومەتی دیموکراتیکدا چوارچێوە و سنووری سەلاحییەت و ماف و ئەرکی سێ دەسەڵاتی سەرەکیی؛ یاسا دانان، راپەڕاندن و دادوەری بەڕوونی دیاری دەکرێن، بنیادە سەرەکییەکانی دەوڵەتی بە پێی یاسا بە پاراستنی مافی مرۆڤ پابەند دەکرێن. بۆ ئەوەی حکومەتی دیموکراتیک هاوسەنگی لەنێوان ماف و ئەرکی دەوڵەت و خەڵک و ئۆپۆزیسیوندا پێک بێنێ و بە باشی کار بکا، پێویستی بە دامەزراوەی پتەو، دادوەری سەربەخۆ، دامودەزگای چاوەدێری و لێپرسینەوە، دەستەی دەستپاکی بە دەسەڵات و چالاک، کۆمەڵگای شارستانی و رێکخراوە مەدەنی و جەماوەرییەکانی سەربەخۆ و میدیای ئازاد و بەرپرس هەیە.

هێندێک کەس و لایەنی شوڤینیستی ئێرانی بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی تاکانەی نەتەوەی فارس و حاشاکردن لە مافی نەتەوە ستەملێکراوەکان، دەڵێن لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا ئەگەر رێز لە مافی مرۆڤ بگیردرێ و هەموو تاکێک خاوەنی

"مافی یەکسانی هاووڵاتی" بێ، ئەقوامی ئێرانی بە مافەکانیان دەگەن، بەم چەشنە شوناس ومافی نەتەوە ستەملێکراوەکان تا ئاستی ماف و شوناسی "قەومی" کەم و بچووک دەکەنەوە و مافی مرۆڤ سنووردار دەکەن بە مافی تاکە کەسی و مافی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی پێناسەی مافی مرۆڤ دێننە دەر. لە راستیدا دیموکراسی لەسەر بناخەی "مافی یەکسانی هاووڵاتی" لە وڵاتێکدا دابین و دەستەبەر دەبێ کە دەوڵەتی مۆدێرن لە یەک نەتەوە پێکهاتبێ و دەوڵەت و نەتەوە پێکەوە بگۆنجێن و ئەگەر جیاوازی شوناسیشی تێدا بێ بە شێوەی ئارەزومەندانە و دادپەروەرانە چارەسەر کرابێ. لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران کە کێشەی شوناسە جیاوازەکان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە دێمۆکراسی "بە بێ دابەشکردنی سەروەری و دەسەڵات" لە باشترین حاڵەتدا بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەیە و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران ئامادە نین بۆ دێموکراسییەکی رووت و سادەی لیبراڵی بەستراوە بە رەوایی تاکەکەسی چاوپۆشی لە مافەنەتەوایەتییەکانیان بکەن.

ئەوە راستە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا دیموکراسی یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکە، بەڵام چاوەڕوانییەکی لە رادەبەدەرە ئەگەر پێمان وابێ کە لە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەدا دیموکراسی بە تەنیا هەموو کێشەکان چارەسەر دەکا، دێمۆکراسی و فیدراڵیزم دوو شێوە بەڕێوەبەری لێکدابڕاو نین و پیوەندیی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە و دەتوانن بە شێوەی دوولایەنە خزمەت بە یەکتر بکەن، دێمۆکراسی هەوێنی سەرەکیی و گرینگترین ریسای دامەزرانی سیستمی فیدراڵییە، لە راستیدا فیدراڵیزم لە سەرەتاوە بە دێموکراسی دەست پێدەکا و خۆ دەگرێ و بەرەبەرە سەقامگیر دەبێ، فیدراڵیزم بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی زۆرینە رێگە لە دیکتاتۆریی زۆرینە دەگرێ و دەبێتە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندن و کامڵبوونی دێموکراسی. بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران، فیدراڵیزم دەتوانێ باشترین جۆری دێموکراسی کە لە گەڵ سروشت و تایبەتمەندیی و پێویستییەکانی ئەو وڵاتەدا بگونجێ وەدی بێنێ، فیدراڵیزم ریکارێکی هاوچەرخ و مۆدێرنە و هەر وەک بۆ هەموو وڵاتانی فرەچەشن و فرە نەتەوەی دونیا سیستمێکی شیاوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتی و تاکە کەسییەکانی وڵاتی ئێرانیش گونجاوترین سیستمە.

لە ئێرانی دوای رووخانی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی ماف و ئازادیی نەتەوە و کەمینە و پێکهاتە جیاوازەکان دابین و دەستەبەر بکرێ و دێمۆکراسی و فیدراڵیزم بۆ هەر نەتەوەیەک بە کەڵک و پڕ بەرهەم بێ و پرۆسەی دێموکراتیزاسیون و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا رەوتی سروشتیی خۆی بپێوێ و ئاشتی و ئاسایش و ئاسوودەیی لە وڵاتدا سەقامگیر و بەردەوام بێ، پێویستە وڵاتی ئێران بە سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لەسەر بناخەی نەتەوەیی و جوغرافیایی بەڕێوە بچێ، چونکە ئەم سیستمە بەشداری هەموو نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەستەبەر دەکا، خاوەنی رێکاری بەڕێوەبردنی دەڤەرە فرەنەتەوەییەکانە و میکانیزمی دابین و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکانی لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا تێدایە، لە راستیدا سەروەری و حوکمڕانیی هاوبەش و دەسەڵاتدارێتیی دوولایەنە لە نێوان حکومەتی

ناوەندی (فیدراڵ) و هەرێمەکان دابین دەکا و پێوەندیی نێوان دوو ئاستی دەسەڵات بە شێوەیەک دادەڕێژێ و ڕێک دەخات کە ڕێز لە سەربەخۆیی یەکتر بگرن و لە بەرامبەر مافەکانی یەکتردا بەرپرسیار و وڵامدەر بن و هەر نەتەوەیەکیش کە لە سەر زەوی باب و باپیرانی و لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا زۆرینە بێ خاوەنی هەرێمی سیاسی تایبەتی خۆی بێت. ئەم شێوە بەڕێوەبەرییە، لەسەر بنەمای دێموکراسی و دادپەروەری هاوسەنگییەکی ئاشتیخوازانەی ئەوتۆ لە نێوان نەتەوە و کەمینە و پێکهاتەکاندا پێک دێنێ کە نەتەوەی زۆرینە نەتوانێ حاشا لە شوناس و کیانی نەتەوەکانی دیکە بکات، هەروەها ڕێگە نادا کە پێکهاتەی یەک یان دوو نەتەوەی زۆرینە ببێتە هۆی دواکەوتوویی و لە پەراوێزدامانەوەی نەتەوەکانی دیکە و پرسی نەتەوایەتی لە گوتاری ئاڵۆز و پڕ کێشەی " کەمایەتی ـ زۆرایەتی" ڕزگار دەکات و بەم چەشنە بە دێموکراتیک و فیدراڵیزەکردنی کۆمەڵگا، مافە نەتەوایەتی و تاکەکەسییەکانی گەلانی ئێران دابین و دەستەبەر دەکا.

ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١١

## پێویستیی کورد لەم قۆناخەی خەباتی نەتەوایەتیدا

لە سەدەکانی رابردوودا ئایدیۆلۆژیای رەهاگەرا و نەگۆڕ و لایەنگرانی نەریت، بە شێوازی جۆراوجۆر بیر و زەینی خەڵکیان چەواشە کردووە و ژیانی گەورەیان بە زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان گەیاندووە. بەشێک لە پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیە غەیرە ئایینییەکان هەوڵیان داوە کە "شتە روون و ئاشکرا و راستییە رێژەییەکان وەک رەها و نەگۆڕ و مقدس" بەسەر خەڵکدا بسەپێنن و لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیە ئایینییەکان بە هۆی بیر و بۆچوونی خورافی و پڕ لە وەهم، تان و پۆی ئەقڵ و ئەندیشەی مرۆڤی کوردیان لەگەڵ ئەفسانەکان لێک ئاڵاندووە و ئاوێتەی یەکتریان کردووە، ژیان و مەرگی مرۆڤی کوردیان بە هۆی ئەفسانەکانەوە راڤە کردووە و لە ئاکامدا ترس و سیحر و جادوو و خورافات بوونەتە هۆی ئەوە کە مرۆڤی کورد نەتوانێت ژیرانە زانست و تێگەیشتنی واقعی خۆی بۆ باش کردنی ژیانی بەکار بێنێ.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا کە سەردەمی دەسەڵاتی زانیاریی و سەروەری ئەقڵ و سێکۆلاریزم و هەمەڕەنگی و فرەلایەنی و ئازادی دژەکان و بیروڕای جیاوازە، مافی "دوا حوکمی رەها و نەگۆڕ" بۆ هیچ فەلسەفە، ئەندیشە، ئایین، ئایدیۆلۆژی و تیۆر و دەسەڵاتێک بۆ هەمیشە پارێزراو و دەستەبەر نابێ.

ئەو بیر و ئەندیشانەی کە سەرکوت و سڕینەوەی بیر و بۆچوون و دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بە "پیرۆز و رەوا بزانن" دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤن هەر بۆیە جێگەیان لێژ و تەمەنیان کورت دەبێ. ئەو بیر و بۆچوونانەش کە زادەی پێویستییەکانی سەرکەوتن و چەسپاندنی ئەقڵانییەتو سەروەری گەل و ئازادی کۆمەڵگا بن، کاریگەر و شوێندانەر دەبن و درێژە بە رەوایی رێژەیی خۆیان دەدەن.

نەتەوەی کورد، بۆ بنبڕ کردنی بیر و ئەندیشەی کۆنەپەرستانە و چەقبەستوو و ئەفسانەیی، بۆ سڕینەوەی شوێنەواری نالەباری ئایدیۆلۆژیای رەهاگەرا و نەگۆڕ، پێویستیی بە ئەقڵ و ئەندیشەی ئازاد و رێژەیی، بیری رەخنەیی، رەخنەگریی ئازا، رەخنەی بنیاتنەر، لێکۆڵەری واقعبین و بەتوانا و داهێنەر، دامەزراوە و سەرچاوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی بەهێز و چالاک، دامەزراوەی راگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد و ئازا و بەرپرس هەیە.

ئێمە لە هەزارەی سێهەم و لە چاخی بە جیهانی بوونی زانیاری و لە سەردەمێکی تێکچڕژاوی پێکەوە بووندا دەژین، کەلە ئاکامی بە جیهانی بوونی پێوەندییە مۆدێڕنەکان، خەڵکی سەرانسەری دنیا لە سیستمی جیهانی زانیاریدا بەشدارن، پیشەسازی راگەیەنەکان بە شێوەیەکی خێرا تێکەڵ بە رەوتی جیهانگەرایی بووە، راگەیەنە گشتییەکان پێشکەوتن و گەشە کردنیان کردۆتە ماخولیای مرۆڤ و بەردەوام بە جیهانی زەینی مرۆڤ فۆرم و شێوازی نوێ دەدەن، کات و شوێنیان چڕ کردوونەتەوە، جیهانیان کردۆتە گوندێکی بچووک، بوونەتە چاو و گوێی کۆمەڵگا و دەنگ و باس و زانیاری بە هەموو کەس و هەموو لایەک دەگەیەنن.

میدیا جیهانییەکان بەرفراوانتر لە سنوور و چوارچێوە نەتەوەییەکان چالاکی دەکەن و سنووری نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان بەزاندووە و بە تێکشکانی سانسۆری جۆراوجۆر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانیان خستۆتە ژێر گوشار، ئەو دەرفەتەیان بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و کەمایەتییە نەتەوەیی و سیاسییەکان رەخساندووە کە پەرە بە کولتووری خۆیان بدەن و بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات بکەن.

لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەتی سەرەڕۆی نەتەوەی بەو شێوەیە کە دیکتاتۆرە شۆڤێنیستەکان دەیانهەوێ جێگای لێژە و کۆمەڵگای جیهانیش سەبارەت بە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، شەڕە ناوخۆییەکان، مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان وەک رابردوو چاوەدێرێکی بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نییە.

سەدەی بیست و یەکەم، دەورانی هاوسەنگی ناسەقامگیرە، دەورانی گۆڕانی سنوورە نەتەوەییەکان و "تێپەڕین لە پۆلێنبەندییە سنوورییەکان" بەرەو وڵاتگەلی فرە نەتەوەییە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەدەیە جیاوازی نەتەوەییە. لەم سەدەیەدا کوردستان خاوەنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی هاوسەنگی ناسەقامگیر دەبێ و "بیری نەتەوەخوازی کوردی" لە دەقی جیهانبینی کوردی دادەنرێ و لە چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکان زیاتر دەڕوا و تەشەنە دەکاتە سەر تەواوی کوردستان.

لەم سەردەمەدا پێویستە، تەوەری سەرەکیی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد هزری نەتەوەخوازی و پێناسەی نەتەوەیی، بەرژەوەندی نەتەوەیی، سەروەری نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی و سەلماندن و چەسپاندنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بێ.

لەم بارودۆخەدا پێویستە، نەتەوەی کورد لە سیاسەتی واقعبینانە و رێئالیستی پەیڕەوی بکات، بۆ هەلومەرجی دیاریکراو

هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دیاری کراوی هەبێ، خوێندنەوەی دروستی بۆ بالانسی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان و پێکهاتە و رووداوە جۆراوجۆرە ناوچەیی و جیهانییەکان هەبێ، بەگوێرەی هەلومەرجی گونجاو لە هەموو شێوەکانی خەبات و دەرفەتە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان کەڵک وەرگرێ، میکانیزم و رێکارەکانی خەبات بەپێی پێویست بگۆڕێ، بەها و پرەنسیپە دێمۆکراتیکەکان نۆژەن بکاتەوە، پەرە بە پێوەندییە نیشتمانییەکان بدات، پێوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ و گەلانی ناوچە بەهێز بکات، دیپلۆماسی نێونەتەوەیی بەربڵاو و بەهێزتر بکات و پێوەندیی لەگەڵ زلهێزە بڕیار بەدەستەکانی جیهان پتەوتر بکات.

پێویستە لە پێناوی بەرز و بەهێزتر کردنی وشیاری و ئیرادەی یەکگرتوویی سیاسی و هەستی نیشتمانپەروەری و سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی کورد، بە شێوازی جۆراوجۆر و شێلگیرانە خەبات بکرێ بۆ ساخ کردنەوە و یەکلایی و بەرجەستە کردنەوەی بەها و هێما نەتەوەییەکانی وەک: ئاڵا و رەمز و سروودی نەتەوەیی، جێژنی نەتەوەیی، رۆژی نەتەوەیی، ساڵی کوردی، رۆژی شەهیدانی کوردستان.

دیارە کە بۆ پراکتیزە کردن و چەسپاندن و سەرکەوتنی بەشێک لەم ئامانج و ئەرکانە، دەبێ هزر و زمان و بڕیار و گوتاری هاوبەش و یەکگرتووی سیاسی هەبێ کە ئەوەش بە پێکهێنان و وەکار کەوتنی بەرەیەکی دێمۆکراتیک و فرەچەشن و یەکگرتووی کوردستان دابین دەکرێ و دێتە دی.

رێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١١

## مەبەست لە هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیک

ستەمێکی گەورە کە دیکتاتۆرەکان لە هاونیشتمانیانی خۆیانی دەکەن ئەوەیە کە ڕێگەی بەشداری ئازادانە لە هەڵبژاردنو بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیانیان لێدەبەستن. دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی داپۆشینی سیمای دزێوو دژەئینسانی خۆیانو بە هەمیشەیی کردنی تەمەنی دەسەڵاتەکەیان جاروبار جلوبەرگی دیموکراسی لەبەر دەکەنو هەڵبژاردنی ساختەییو کارتۆنی ڕێکدەخەنو کایە بە هەستو سۆزی خەڵک دەکەن، لە حاڵێکدا لەبەر ئەوەی کە تەمەنی دەسەڵاتیان دیاریکراو نیە بە شێوەیەکی راستەقینە دەرەتان بە خەڵک نادەن کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیکو بێ توندوتیژی، هەم لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەستیان هەبێو هەم ئەو ئاڵوگۆڕە کە دەیانهەوێ بەدیبێنن.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، دیموکراسی شتێک نیە کە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەسو چەند وڵات بێ بەڵکوو هەر کەسو هەر وڵاتێک مافی هەیە کە لەو دەسکەوتە مرۆڤایەتییە کەڵک وەرگرێ. گەوهەرو نێوەڕۆکی دیموکراسی بە ڕەچاوکردنی مافی کەمینە سەقامگیرو پتەوو بەهێز دەبێ. کەمینە دەبێ ئەو شانسو دەرەتانەی هەبێ کە ببێتە زۆرینە، یان ئەگەر ئیمکانی ئەوە نەبوو، دەبێ مافی یەکسانی بدرێتێ بۆ بەشداری کردن لە سیاسەتو بەڕێوەبەری وڵاتدا. بە ڕەچاوکردنو جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسیو "بنەمای دادپەروەرانەی کەمینەو زۆرینە" ڕێگە دەگیرێ لە بە لارێداچوونو کێشرانی ئیرادەی زۆرینە بەرەو دیکتاتۆریو بە ڕێژەیەکی بەرچاو تەناهیو ئاشتی کۆمەڵایەتی سەقامگیرو دەستەبەر دەبێ.

هەڵبژاردن یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییەو پێوەندی راستەوخۆو پتەوی بە ئازادییەوە هەیە. یان بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین ئازادی پێشمەرجی مانا پەیداکردنی هەڵبژاردنە. ئەگەر هەڵبژاردن بریتی بێت لە دەرخستنی ئیرادەی مرۆڤ سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، ئەوا بە بێ هەبوونی ئازادی، ئەو هەڵبژاردنە مانای نابێت، چوونکە ئیرادەی راستەقینەی مرۆڤ لە ئازادیو ئازادبوونی ئەو مرۆڤەدا دەردەکەوێو دەتوانێ خۆی نیشان بدات. مافی هەڵبژاردن بریتیە لە مافی سەربەخۆیی لە بڕیاردانو ئازادی لە جۆری بڕیاردانی مرۆڤ لە چارەنووسی خۆیو کۆمەڵگاکەی. مافێکی سروشتی، مەدەنیو سیاسی هەر مرۆڤێکە کە ئازادانە بیروباوەڕ، دین، کار، هاوسەر، شوێنی نیشتەجێ بوونو حکوومەتی وڵاتی خوی هەڵبژێرێ.

هەڵبژاردن گرینگترین مافو ئەرکی هاووڵاتییە کە لەسەر بنەمای تاک پێکهاتووە چوونکە تاک دەکات بە خاوەنی بڕیاردانو

کەسایەتیو بەرپرسایەتی بۆ دروست دەکاتو ویستوخواستە هاوبەشەکانی تاکەکان یەکدەخاتو دەبێتە هۆی ئەوە کە تاک لە بەرامبەر چارەنووسی داهاتووی کۆمەڵگاکەی هەست بە بەرپرسایەتی بکات.

لە هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیکدا، هاووڵاتیان لە باروودۆخو کەشێکی لەبارو گونجاودا بە شێوەیەکی ئازاد، نهێنی، راستەوخۆ، گشتی، یەکسانو دادپەروەرانە بڕیارو دەنگ دەدەن. بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە گوێرەی یاسا مافی دەنگدانیان هەیە شانسو دەرەتانی "وەک یەک" دابینو دەستەبەر دەکرێو مافی هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن لە کەس زەوت ناکرێ، هیچ کەسو گرووپو لایەنێک بە هۆی جیاوازی بیروباوەڕ، رەگەز، ئایین، قەومو نەتەوەوە پەراوێز ناخرێو هەڵاواردنی لە سەر بەڕێوە ناچێ. هەر هاووڵاتیەک تەنیا خاوەنی یەک دەنگەو کەس بەهۆی باروودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی مافی تایبەتو جیاوازی لە کەسانی دیکە نیە.

لە هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیکدا پاڵێوراوو لیستی رەنگاورەنگ بە پرۆژەو پلانی روونو ئاشکرا لە ململانێی هەڵبژاردندا بەشداری دەکەنو دەرفەتیان پێدەدرێ کە بە گوێرەی یاسا بۆ راگەیاندنی پرۆژەو بەرنامەکانیان دەستیان بە ئامرازەکانی راگەیاندن رابگاتو کەڵکیان لێ وەرگرن. ئامرازەکانی راگەیاندنی گشتی لە سەر پاڵێوراوان و پرۆژەکانیان و یاساکانی هەڵبژاردن و پێشێل کردنی یاساکانی پێوەندیدارو تایبەتمەندییەکانی شوێنو شێوەی دەنگدان زانیاری پێویست بە هاووڵاتیان رادەگەیەنن. دەوڵەت ئاسایشو تەناهی هەڵبژاردنەکە دابینو دەستەبەر دەکاتو هەر چەشنە گوشارێک لە لایەن حکوومەت یان هەر گروپو لایەنێک رەواییو یاسایی بوونی هەڵبژاردنەکە دەخاتە مەترسییەوە. کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆو جێی متمانەی لایەنە سیاسییەکانو هاووڵاتیانە بە مافو دەسەڵاتی تەواو هەڵبژاردنەکە بەڕێوە دەباتو پاکو بێگەردبوونی پرۆسەکە دەسەلمێنێو رایدەگەیەنێ.

هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراتیک رەوتێکی مەدەنییانەو ئاشتیخوازانەیە کە رێگەچارەی بەدەر لە توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنو کەم کردنەوەی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان دابین دەکاتو دەرفەتێکی لەبار بۆ هاووڵاتیان پێکدێنێ کە نوێنەرانی جێی باوەڕی خۆیان هەڵبژێرنو متمانە بە دەسەڵاتی سیاسی داهاتوویان بدەنو بەرپرسایەتی کاروباری وڵاتیان پێ بسپێرنو سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری نوژەن بکەنەوەو جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتدا بکەنو بەم چەشنە لە پێناوی ژیانێکی باشترو خزمەتگوزاری زۆرترو گەشەو پێشکەوتنی نیشتمانەکەیان، بڕیار لە چارەنووسی خۆیانو کۆمەڵگاکەیان دەدەن.

رێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ئێران

بەرە پەیمانێکە کە لەودا هێز و لایەنە سیاسییەکان بە شێوەی ئازادانە و دڵخوازانە لە سەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ گەیشتن بە یەک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا دەبەستن و سەرەڕای پاراستنی شوناسی پێشووی خۆیان شوناسێکی گشتگیری نوێ بە نێوی بەرە پێک دێنن.

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پتر لە رابردوو باس لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئێران وەک پێویستییەکی سیاسیو هەنگاوێکی گرینگ لە ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کوردستان دەکەن و لەو باوەڕەدان کە پێکهێنانی بەرە ئەوەندە گرینگ و پڕبایەخە کە ناکرێ و نابێ گیر و گرفت و کۆسپەکان ڕێگای لێ بگرن.

لەم پێوەندییەدا پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێداچوونەوە بەو بۆچوون و هەڵوێستانەیاندا بکەنەوە کە لە رابردوودا بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی بەرە و ئازایانە و راشکاوانە و بە نیازپاکی و بە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و بە پلاتفۆڕم و ڕێکاری گونجاو و روون و شەفاف و بە وتوویژی بنیاتنەر کاری جیددی بکەن بۆ لێک نزیک کردنەوەی روانگە و بۆچوونە جیاوازەکانیان لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی فرەچەشن و یەکگرتوو و دێموکراتیک دا.

مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی گەلەکەمان هەموو هێزو توانای حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بخرێتە سەریەک بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەدیهێنانی ئەو بەرنامەو ئامانجانەی کە هێزو لایەنەکان پێکەوە گەڵاڵەی دەکەن، خەباتێکی هاوبەش و یەکگرتوو و شێلگیرانە بکرێ.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بۆ گەیشتن بە بەشێک لە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان دەبێ وشیاری و ئیرادەو بیرو بڕیار و زمان و گوتاری یەکگرتووی سیاسی هەبێ کە پێکهێنان و وەکارکەوتنی بەرەی کوردستانی لەم پێناوەدا کاریگەری گرینگی هەیە، بەرەی کوردستانی دەبێتە دینامیزمی خەباتی یەکگرتووی هێز و لایەنە سیاسییەکان و لەگەڵا پێشوازی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو دەبێ، وشیاری نەتەوایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری بەهێز دەکات، هیوا و هێز و ورەی خەڵک بەرز دەکاتەوە، بەدبینی سیاسی لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا کەمڕەنگ و لاواز دەکات و باوەڕ بەیەکتر کردن و یەکریزی لە نێو

خەڵکو خەباتگێڕاندا پتەوتر دەکات و گەشبینی و وتووێژی سەردەمیانەو بنیاتنەر دەبێت بە شێوازێکی باش بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەکریزی و یەک هەڵوێستی و ئیرادەی یەکگرتووی سیاسی و بەهێز و سەنگی زیاتر لەگەڵا لایەنە بیانی و ئێرانییەکان وتووێژ و هەڵسوکەوت دەکەن و لە ئاستی نێونەتەوەیشدا قورسایی و ئیعتباری کوردستان و خەباتە ڕەواکەی بەرچاوتر دەبێ و پێشوازی زیاتری لێدەکرێ.

بۆ مان و بەردەوام بوونی کار و تێکۆشانی بەرە پێویستە؛ فرەچەشنیو یەکگرتوویی لە ناو بەرەدا پارێزراو بێ، سنووری ماف و ئەرک و دەسەڵاتی ئەندامانی بەرە روون و دیاریکراو بێ، سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرە پارێزراو بێ، رێگە لە پاوانخوازی و سەرەڕۆیی هەر ئەندامێکی بەرە بگیرێ، هەموو ئەندامانی بەرە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ پیرە و پرۆگرامی بەرە هەبێ و بە کردەوە پێبەندی رێوشوێن و بڕیارەکانی بەرە بن.

بەرەی کوردستانی پێویستە لە سەر بناغەی پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سێکۆلاریزم پێک بێت و لایەنە پێکهێنەرەکانی دەبێ باوەڕی قووڵیان بە پلۆرالیزمی سیاسی و جۆراوجۆری و فرەلایەنی و هەمەڕەنگی و ئازادی رادەربڕین و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە رێگای وتووێژی هێمنانە و بنیاتنەر هەبێ و بۆ پراکتیزەکردنی، خەباتی جیددی بکەن.

بەرەی کوردستانی ئێران پێویستە بۆ بارودۆخی دیاریکراو لێکدانەوەی دیاریکراوی هەبێ و خوێندنەوەی دروست و واقعبینانەی بۆ کێشە و پرسە سیاسییەکان و رووداو دیاردە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان هەبێ و لە پێناو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا لە هەموو شێوە رەواکانی خەبات کەڵکی پێویست وەرگرێ.

رێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## شوڤێنیزمی فارس حاشا لە بوون و مافی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەکات

ئێران لە زۆربەی نزیک بە تەواوی مێژووی هاوچەرخی خۆیدا، بە شێوەی دەسەڵاتی ناوەندی سەرەڕۆ و پاوانخواز بەڕێوە چووە و نەتەوەی فارس خاوەنی هەموو ئیمکانات و سەرمایە و دەسەڵاتێک بووە و بە شێوازی جۆراوجۆر نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی چەوساندونەتەوە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێران، گرفتی ئاڵوگۆڕ نەکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیخوازانە ودێمۆکراتیک بووە کە بۆتە ماکە و مەیدانی توندوتیژی و زەبر و زەنگ و کودەتا و جەنگ. وڵاتی ئێران لە ئەزموونی ڕاپەڕین، شۆڕش، هەوڵدان بۆ کودەتا، شەڕی پارتیزانی، بزووتنەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ و مانگرتن و خۆپێشاندان دا خاوەنی پلە و پێگەیەکی بەرزە، لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاو لە مێژووی مۆدێرنی ئێران لە ڕەوتی تێکۆشان و ئەزموونی سیاسی کۆمەڵایەتی دا بریتیە لە دووپاتبوونەوەی لێکدابڕانە بەردەوامەکان و زنجیرە هەوڵ و خەباتێکی بی ئاکام لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی.

مێژووی هاوچەرخی ئێران گەواهی دەدا کە بیرۆکەی نەتەوەسازیی ئێرانی، لە ڕەوتی شۆڕشی مەشروتە دا گەرا دادەنێ و لە دایک دەبێ و تیۆریزە دەکرێ و لە سەردەمی دیکتاتۆری ڕەزاشادا پراکتیزە کردنی شوڤێنیزمی ئێرانی دەبێت بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی. ڕەزاشا بە پلان و بەرنامەی پێشتر دارێژراو و بە شێوەی سیستماتیک پرۆژەی نێوەندگەرایی دەست پێدەکا، زمانی فارسی بە زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین و کاروباری سیاسی و ئیداری و دەوڵەتی ڕادەگەیەنێ و زمانی نەتەوەکانی دیکە لە کاروباری ئیداری و پەروەردە پەراوێز دەخات، ڕێگە لە پێشکەوتن و گەشە کردنی "جۆراوجۆریی زمانی" و فرە کولتووری دەگرێ، پێکهاتەی دیمۆگرافی و جوغرافیایی هێندێک لەو شار و ناوچانەی کە نەتەوەیەکی غەیرە فارس تێیدا زۆرینەیە تێکدەدا، ناوی هێندێک لە شار و گوندەکان دەگۆڕێ، ڕێوڕەسم و جل و بەرگی نەتەوەکانی غەیرە فارس قەدەغە دەکا، بە گوێرەی بەرژەوەندی شوڤێنیزمی ئێرانی دەست لە مێژووی کۆن و نوێی گەلانی ئێران وەردەدا و دەیان پیلانی دیکە بۆ تواندنەوە و سڕینەوە و لە نێوبردنی فرە چەشنی و فرەشوناسی و شوێنەواری نەتەوەکانی غەیرە فارس دەگێڕێ. لە لایەکی دیکەوە هەموو ئیمکانات و دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی وەگەڕ دەخات بۆ بنیاتنانی یەک کولتوور، یەک زمان، یەک سیستمی پەروەردەیی، دەوڵەتێکی تاکانە و یەکدەست، خەڵکێکی یەکدەست و سەرەنجام دروستکردنی نەتەوەی ئێران و سەپاندنی شوڤێنیزمی مەزنیخوازی نەتەوەی فارس.

بیرۆکەی شوڤێنیزمی ئێرانی بوو بە سەرچاوەی سەرەکیی کێشە و ململانێیەکی ناڕەوا لە نێوان نەتەوەی فارس و نەتەوە

ستەملێکراوەکان، کێشەیەک کە ڕەزاخان بەکردەوە دەستی پێکرد و حەمەڕەزاشای کوڕی درێژەی پێدا و تەنانەت شەڕی دووەمی جیهانی و شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران نەیتوانی کۆتایی پێ بێنێ و لە چوارچێوەی پێشوودا مایەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە شێوەیەکی دیکە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی درێژەی پێدا و تا هەنووکە بەردەوامە.

بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی ئێران، شۆڤێنیستە ئێرانییەکان بە مەبەستی بە تاکانە هێشتنەوە و بە هەمیشەیی کردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی نەتەوەی فارس و "تکۆڵی" کردن لە شوناسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە پلان و پیلانی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە ئەو گوتارە ناڕاست و ناڕەوایە بسەلمێنن و بچەسپێنن کە ئەو نەتەوانەی ئێران کە ڕەچەڵەکی "ئاریایی"یان هەیە بەشێکن لە نەتەوەی فارس و ئەو نەتەوانەش کە ڕەچەڵەکی "ئاڵتایی و سامی"یان هەیە ئێرانی نین. ئەوەی ئێستاش شۆڤێنیستە چەپ و ڕاست و دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەکانی ئێران دەیانهەوێ لە باشترین حاڵەتدا سەپاندنی ناسیونالیزمی ساختەیە لە بیچم و فورمێکی دیکەدا.

هێندێک کەس و لایەنی شۆڤێنیستی ئێرانی بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی تاکانەی نەتەوەی فارس و حاشاکردن لە مافی نەتەوە ستەملێکراوەکان، دەڵێن لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئەگەر ڕێز لە مافی مرۆڤ بگیردرێ و هەموو تاکێک خاوەنی "مافی یەکسانی هاووڵاتی"بێ، ئەقوامی ئێرانی بە مافەکانیان دەگەن، بەم چەشنە شوناس ومافی نەتەوە ستەملێکراوەکان هەتا ئاستی ماف و شوناسی "قەومی" کەم و بچووک دەکەنەوە و مافی مرۆڤ سنووردار دەکەن بە مافی تاکە کەسی و مافی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی پێناسەی مافی مرۆڤ دێنە دەر.

لە ڕاستیدا دێمۆکراسی لەسەر بناخەی "مافی یەکسانی هاووڵاتی" لە وڵاتێکدا دابین و دەستەبەر دەبێ کە دەوڵەتی مۆدێرن لە یەک نەتەوە پێکهاتبێ و دەوڵەت و نەتەوە پێکەوە بگونجێن و ئەگەر جیاوازی شوناسیشی تێدا بێ بە شێوەی ئارەزومەندانە و دادپەروەرانە چارەسەر کرابێ. لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران کە کێشەی شوناسە جیاوازەکان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە دێمۆکراسی "بە بێ دابەشکردنی سەروەری و دەسەڵات" لە باشترین حاڵەتدا بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەیە و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران ئامادە نین بۆ دێموکراسییەکی رووت و سادەی لیبراڵی بەستراوە بە ڕەوایی تاکەکەسی چاوپۆشی لە مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەتەوەکانی ئێران هەزاران ساڵە نیشتەجێی خاکی خۆیانن، شوناسی کولتووری و نەتەوایەتی دەوڵەمەند و ویژدانی بە کۆمەڵی مێژوویی دوور و درێژیان هەیە و خاوەنی ڕاستەقینەی وڵاتی ئێرانن، بەڵام بە پێی یاساکانی (ڕابردوو و ئێستای) دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیستی ئێرانی، نەتەوەکانی غەیرە فارس وەکوو نەتەوە بە

فەرمیی نەناسراون و خاوەنی هیچ ماف و ئیمتیازێکی نەتەوایەتی نین. دیارە نەتەوە و کەمینە جۆراوجۆرەکانی ئێران ئەمڕۆکە زیاتر لە رابردوو وشیاریی سیاسی و هەستی نەتەوایەتیان بەرز بۆتەوە و بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە کە پرسی ئایین و ئایینزا کێشەی سەرەکیی گەلانی ئێران نیە، بەڵکوو ئەوە مەسەلەی نەتەوایەتییە کە بڕبڕەی پشتی کێشەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگای ئێرانە و هەتا ئەو کێشەیە بە شێوەی دادپەروەرانە و دیمۆکراتی و فیدراڵی چارەسەر نەکرێ ئەو وڵاتە رووی ئاشتی و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێ.

ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## بیرو ڕێبازی شەهید دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەردەم لەگەشەو درەوشانەوە دایە

٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی) لە لایەن تێرۆریستە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران،کاک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی ک. ناوندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و کاک نوری دێهکوردی تێکۆشەری ئازادیخوازی ئێرانی و دۆستی دێرینی حیزب لە ڕێستۆرانی میکۆنووسی شاری بڕلینی ئاڵمان شەهید کران.

شەهید بوونی د. سەعید شەرەفکەندی ئەگەر لە لایەک خەسارێکی گەورەو زەبرێکی کاریگەر بوو کە لە بزوتنەوەی میللی - دیموکراتیکی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی کەوت، لە لایەکی دیکەشەوە خەسارێکی مەزن بوو کە لە بزووتنەوەی مافخوازانە و ئازادیخوازانەی گەلانی سەرانسەری ئێران کەوت. ئەو ڕووداوە گورچکبڕە لە کاتێک دا بوو کە هێشتا حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ژێر زامی پڕ لە ئێش و ژانی شەهید بوونی قاسملووی نەمر دا پشتی ڕاست نەکردبۆوە.

شەهید د. سادق شەرەفکەندی،بە شاهیدی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردو ئێرانی و جیهانی،یەکێک لە کەسایەتیە سیاسییە هەرە بە هێز و ئازاو چاو نەترس و فیداکار و ماندوویی نەناس و لێوەشاوەکانی گەلی کورد بوو.

د.سەعید دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو، باڵوێزێکی لێهاتووی نەتەوەی کورد بوو، واتە هەر وەک دەیزانی چ بڵێ دەیزانی چ نەڵێ، هەر وەک دەیزانی چ بنووسێ دەیزانی چ نەنووسێ،هەروەک دەیزانی چ بکا دەیزانی چ نەکات.

د.سەعید شەرەفکەندی ڕێبەرێکی باوەر بە خۆ، بە تواناو ڕچە شکێن و پێشرەو بوو، ماموەستا و سیاسەتوانێکی زاناو ڕووناکبیرو بیر کراوەو شارەزاو ژێر و وریاو ڕێئالیست بوو.

د.سەعید مودیرێکی بە مشوور، چالاک و پر کار، بە هیوا و هومێدو باوەر پێکراو بوو، رەخنە گرو راهێنەر و داهێنەر بوو، بە نەزم و دیسیپلین بوو، خاوەن ئەخلاق و پرەنسیب و پرستیژی دێموکراتی بوو.

د.سەعید کادرێکی راستگۆ، قسە لە روو، روو خۆش، رەزا سووک، خاکی و خەڵکی و بێ فیز و ڕیا بوو هەر بۆیە ببوو بە سیمای خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

د.سەعید کوردێکی نیشتمانپەروەر، دێموکراتێکی شۆرشگێر، مرۆڤێکی مافخواز و ئازادیخواز، دێموکراسیخواز، ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆست بوو.

کاک سەعید لە گەڵ ئەوەی تێکۆشەرێکی سادقی نەتەوەیی بوو لە هەمانکاتدا رێبوارێکی شێلگیری رێگای دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بوو، باوەرێکی قووڵی بە هاوپێوەندی و هاو خەباتی گەلانی ژێر دەست و زوڵم لێکراوی ئێران هەبوو، بە کردەوە بۆ لێک نزیک کردنەوەی هێز و لایەنە سیاسیەکانی ئیران هەنگاوی هەڵێناو گیانی پیرۆزی خۆی لەم رێگایە دا فیدا کرد.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین شەهید دوکتۆر سادق شەرەفکەندی جێنشینی بەر حەقی دوکتۆر قاسملوو بوو، واتە بە بوونی کاک سەعید کە لێنی بێ قاسملوویی کەمتر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە دیار بوو، هەر بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیران بە مەبەستی بێ سەر و رێبەر کردنی حیزبی دێموکرات و سەر لێشێواندن و داماو کردنی بزوتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و چاو ترسێن کردنی خەڵکی کوردستان، تێرۆری رێستورانی میکۆنووسیان بە رێوە برد. دیارە کە ئامانجی دوژمنانی گەلی کورد هەر وەک بە لە سێدارە دانی قازی مەحەممەد و تێرۆری قاسملووی نەمر نەهاتە دی، بە شەهید کرانی دوکتۆر سەعیدیش نایەتە دی.

دیارە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کاری دادگای میکۆنووس،کۆماری ئیسلامی ئیران بە گوشار خستنە سەر کاربەدەستانی ولاتی ئاڵمان هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە رەوتی بەرەو پێشچوونی کاری دادگا پەک بخاو یان لانی کەم بەلارێیدا بەرێ، بەڵام بە هۆی لێبراوی و جیدی بوونی دەزگای قەزایی ئاڵمان، دادگای میکۆنووس تاوانبارانی مەحکووم کردن و سزای بە سەر دا سەپاندن و "واواک"ی بە تاوانبار و هاوبەش لەم تیرۆرە دا ناساند و بە دژی عەلی فەلاحیان حوکمی دەستبەسەر کردنی نێونەتەوەیی دەر کردو حکومەتی ئیسلامی ئێرانی وەک بڕیاردەرو فەرماندەری تێرۆرەکە ناودێر کرد.

لە کاتێکدا یادی کارە سات و تێرۆری میکۆنووس دەکەینەوە کە ڕەوا بوونی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد زیاتر و باشتر لە پێشوو بۆ کۆمەڵگای جیهانی دەر کەوتوەو بیر و رێباز و ئامانجی قاسملوو و شەرەفکەندیش بە بەردەوامی لە پەرەستاند و گەشە کردن و درەوشانەوە دایەو رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش بە ئیلهام وەر گرتن و پێرەوی کردن لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبازی شەهیدان، شێلگیرانەو چالاکانە درێژە بە خەبات دەدەن. لە لایەکی دیکەشەوە سیماو ناوەرۆکی دزێوو بێزراوی بە ڕێوەبەرانی تێرۆری میکۆنووس بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران بە تایبەتی و خەڵکی دێموکرات و ئازادیخوازی دنیا بە گشتی، باشتر دەرکەوتوەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە هەموو کاتێک زیاتر کەوتۆتە بەر گوشارو گەمارۆی جۆرا وجۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## دیکتاتۆرەکان، پێشێلکارانی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤن

مێژووی مرۆڤایەتی گەواهی دەدات کە لە قۆناغ وسیستم و وڵاتانی جیاوازدا بەشێوازی جۆراوجۆرمافەکانی مرۆڤ پێشێل کراون. دیکتاتۆرەکان هەمیشە کانگاو سەرچاوەی پێشێلکاریی ماف وکەرامەت، هزر و ئەندیشە، هەست وسۆز، سیما و ئاکار و جیلوەی مرۆڤ ومرۆڤایەتی بوون، لەپێناوی بەکۆیلە کردن و بێبەهانرخاندنی مرۆڤدا بەشێوازی جۆراوجۆر ئازادی و ویست و ئیرادەی تاک وکۆمەڵگایان کۆت و بەند کردوە، مافی سەر بەخۆیی لە بڕیاردان و ئازادی لە جۆری بڕیاردانی مرۆڤیان پێشیل کردوە، هەردەم راستییەکانیان شیواندوون و چەواشەیان کردوون و هەقیان بەناهەق و ناهەقیان بە هەق کردوە، بەشێوازی جۆراوجۆرهەوڵیان داوە کە سەر زیندوویی و وشیاری و ئازایەتی لە مرۆڤەکاندا بکوژن و زەین کوێر و کلۆڵ و کۆڵەواریان بکەن و وەک بوونەوەرێکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ و مۆرە و مورید کەڵکیان لێ وەرگرن، هاووڵاتیان گەوجاندوە و دەمیان پێداخستوە و گوێیان کەڕ کردوە و چاویان کوێر کردوە، تاکیان لە پەلوپۆخستوە و سەریان پێ شۆڕ کردوە و ئەگەربەپێویستیان زانیبێ ملیان پەڕاندوە، شەوق و زەوق و دڵخۆشی و خەندەی مرۆڤیان نەهێشتوە، هێز و وزە و توانا و لێهاتوویی خەڵکیان پڕوکاندوە.

دیکتاتۆرەکان، هەمیشە گوشاریان خستۆتە سەر جیابیران و بیروبۆچون و دەنگ و ڕەنگەجیاوازەکانیا ن بەرتەسک و پەراوێز و سەر کوت کردوون، بوونەتە بە شێرپەنجەی ویژدانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگایان کردوەتە بە زیندانێکی گەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵک.

دیکتاتۆرە ستەمکارەکان، هەمیشە لە نەزانی و ناوشیاری و دواکەوتوویی کۆمەڵانی خەڵک کەڵکی خراپیان وەرگرتوە، زەحمەت و کوێرەوەری و رەنج و ئازاری هەژارانیان چەواشە کردووە و بە پێچەوانە نیشانیان داوە، رەفتارو ئاکار و خووخدەی دزێو و بێزراوی خۆیان گریم کردووە و بەشێوەیەکی دیکە نیشانی خەڵکیان داوە، دەغەڵکاری و درۆ و دزی و تەزویر و ساختەکاری و گەندەڵیان کردوەتە بە پیشەی هەمیشەی خۆیان، سەرووت وسامانی گشتییان تاڵان کردوە و سیمای جوانی سروشتیان تێک داوە، بازاڕی بێدەنگی و چاونووقاندن و چاوپۆشیان لە هەموو کردەوەیەکی نەشیاو و نامرۆڤانە گەرم کردوە و برەویان پێداوە، بە پشت بەستن بە نەزانی و بێدەنگی و نەجووڵان و وەستانی هەژاران و بەش مەینەتان تۆوی ستەمیان چاندووە و زەبری ستەمیان وەشاندووە و درێژەیان بەستەمکاری داوە.



سەرچاوە
Serchawe

دیکتاتۆرە چەقبەستووەکان، لەپێناوی پاوان و قۆرخ کردنی دەسەڵات و بەئەبەدی کردنی تەمەنی نەگریسی حکوومەتی رەها و بێسنووری خۆیاندا سیاسەتیان سووک و چرووک کردووە، هەمیشە بۆ رەخساندنی بارودۆخی چەقبەستوو هەوڵیان داوە و بەردەوام بوون لە چەقپەروەری، هەر کاتێک بە پێویستیان زانیبێ هەموو سنوورێکی یاسایی، ئەخلاقی ومرۆڤانییان بەزاندووە و بەشێوازی جۆراو جۆر دژایەتی مافی مرۆڤ و مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان و نەتەوە ستەم لێکراوەکانیان کردووە.

رێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## تایبەتمەندییە بەرزەکانی مرۆڤ

سروشت وبوونەوەران وژیان پێوەندییەکی گەوهەریو پتەوو چالاکیان پێکەوە هەیە، ئەو پیوەندییە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی بوونەوەران پێویستە، بۆ پاراستنی ئەو پێوەندییەو گەشەو درەو شانەوەی مرۆڤایەتی، پێویستە مرۆڤ ماف وئەرک وتێکۆشانی مرۆڤانەی هەبێت.

تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ رێژەیین؛پێویستی ژیان، کاروئەزموون، ئازادی، کات، شوێن، ژینگە، کەشوهەوا هەوا، بنەماڵە، کۆمەڵگا، کولتوور، پەروەردە، زانستو تێکنۆلۆژی، ئایین، نەریت، بارووودۆخ، سیستمی سیاسی، ئابوریو کۆمەلایەتی، کاریگەری گرینگیان لەسەر لایەنی ئەرێنیو نەرێنی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ هەیە.

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە جەستە، مێشک، ئەقل، زمان، هۆشو ئەندیشەی لە بوونەوەرانی دیکە پێگەیشتووترو پێشکەوتووترەو بە پێی پێویستی ژیان بەرەبەرە گەشەی کردووەو بۆتە بوونەوەرێکی قسەکەر.

مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی خودئاگا، سیاسی، ئازادو ئەقڵمەندە، خاوەنی هەستو سۆزو هۆشو ویژدانە، توانای گەشەکردنی هەیە، لایەنێکی کەسایەتیەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری "ئەقڵ ولۆژیک" لایەکەی دیکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری "هەست وسۆز"،وە، ئەو تایبەتمەندییانە پێوەندی زیندووییان لەگەڵ یەکتر هەیەو پێکەوەکەسایەتی مرۆڤ تەواودەکەن.

- مرۆڤ بەگوێرەی سروشتی خۆی بوونەوەرێکی ئازادە؛ خاوەنی ڕەهای جەستەو روحی خۆیەتیو مافی ژیانو ئاسایشو سەربەخۆیی بریاردانو ئازادی لە هەڵبژاردنی جۆری بریار دانی هەیە، ئازادی لە سروشتی مرۆڤ دایەو پێوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤو ئازادی هاوزای یەکترن، مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی خولیای ئازادی بووە، مرۆڤ ئازادترین بوونەوەرە کە لە هەموو بوونەوەرانی دیکەزیاتر هەست بە بەرپرسایەتیی دەکات.

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵمەندە؛ ئەقڵ گرینگترین توانایە کەمرۆڤ بۆ سەربەخۆیی بوونی خۆی هەیەتی، ئەقڵ گەوهەری یاسای ژیانی مرۆڤەو چرایەکە بۆ ڕێنوێنی کردنی خواستەکان، واتە ڕێنوێنی دەدا بە مرۆڤ کە چ بخوازێو چ بڵێو چ

بنووسێو چۆن هەڵسوکەوت بکات. توانای ئەقڵی مرۆڤ بەرامبەر بەزۆریو گەورەییو جۆراوجۆری زانیارییەکان سنووردارە.

مرۆڤ بە بەگوێرەی سروشتی خۆی بوونەوەرێکی خاوەن ئەندیشەیە؛ واتە خاوەنی بیر، بیرۆکە، بیر کردنەوە، گومان، ترس، خەم ونیگەرانی وهەروەهاخاوەنی روانگە، تێڕامان، تێڕوانین، تێبینی، پرسیار، رەخنە، پێشنیار، ڕاڤە، هەڵسەنگاندن، هەڵوێستو بڕیارە.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەم خاوەن ئەقڵو هۆشەو هەم بابەتی یاسایەو هەم یاسادانەرە، بەردەوام سنوورەکانی یاسای سروشت دەبەزێنێ، تەنانەت ئەو یاسایانەش دەگۆڕێ کە خۆی داینـاون. مرۆڤ لەسەرەتای" بوونیەوە" تا هەنووکە قۆناغی جۆراو جۆری لە گۆڕانو گەشەکردن بڕیون، لە ئێستاو داهاتووشدا بە بەردەوامی پێویستی بەگەشەو پێشکەوتن هەیە، لەجیهانی ئەمرۆدا بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تێکنۆلۆژی زانیاریو پێوەندییەکان، گۆڕانو گەشەی خێرا بۆتە پێویستی ژیان و خولیای مرۆڤ.

ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئازادیی ئەقڵ و ئەندیشەی مرۆڤ لەکۆت وبەندی خورافات، نەریت، ئایدیۆلۆژی و دیکتاتۆری

ئازادی چەمکێکی ڕێژەییە، بە واتای" نەبوونی کۆت وبەند و زۆر"ە نەک ئانارشیزم و بێ سەرەو بە رەیی و بەرەڵایی، ئازادی بریتیە لەو کردارە جەستەیی و هزریانە ی کەمرۆڤ لەژیانی کۆمەڵگاکەیداو لە چواچیوەی یاسایەکی دێموکراتیک و گەل پەسند دا ئەنجامی دەدات بەبێ ئەوەی زیان بە کەسانی دیکە و بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێ، ئازادی هەقێکی رەوای مرۆڤە و هیچ چەشنە ناهەقییەک هەڵناگرێ، ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە مرۆڤ ورێگە نادا بکرێ بە ئامراز و مۆرە، ئازادی پەناو پشتیوان و پاسەوانی مافی مرۆڤە و نەخشی سەرەکیی هەیە لەهێنانەدی چاکە و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا.

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵمەندە؛ ئەقڵ گرینگترین توانایە کە مرۆڤ بۆ سەربەخۆیی بوونی خۆی هەیەتی، ئەقڵ گەوهەری یاسای ژیانی مرۆڤە و چرایەکە بۆ ڕێنوێنی کردنی خواستەکان، واتە ڕێنوێنی دەدابە مرۆڤ کەچ بخوازێ و چ بڵێ و چ بنووسێ وچۆن هەڵسوکەوت بکات. ئەقڵ چەمکێکی ڕێژەییەو بەرامبەر بەزۆری و گەورەیی و جۆراوجۆری زانیارییەکان سنووردارە. "دیکارت "گوتوویەتی: "ئەقڵ دەرەنجامی لۆژیکی شتە گەورەوبچووک وروون و ئاشکراکانە".

مەبەست لە "ئازادی و سەروە ریی ئەقڵ" هەمووجۆرە ئەقڵێک نیە، بەڵکووئەو ئەقڵەیە کە پێوەندی پتەو و ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە هەیە و لەگەڵ "بنەما نەگۆڕ و ڕەهاکاندا نەگونجاو ناتەبایەو لەپێناوی ئازاد کردنی ئەقڵە کۆت و بەندکراوەکان دا "ئازایانە خەبات دەکات. پێوەندی ئەقڵ و ئازادی ڕێژەیی و داهێنەرانەیە و دەبێتە هۆی نرخاندن و گەشە و درەوشانەوەی سەروەری ئەقڵی مرۆڤ و لە کاروباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و زانستی کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوەو نەخشی کاریگەرو گرینگی هەیە.

مرۆڤ بە بەگوێرەی سروشتی خۆی بوونەوەرێکی خاوەن ئەندیشەیە؛ واتە خاوەنی بیر، بیرۆکە، بیر کردنەوە، گومان، ترس، خەم ونیگەرانی و هەروەها خاوەنی روانگە، تێڕامان، تێڕوانین، تێبینی، پرسیار، رەخنە، پێشنیار، ڕاڤە، هەڵسەنگاندن، هەڵوێست و بڕیارە.

ئەندیشە چەمکێکی ڕێژەییە؛ کاری بیروئەندیشە تەنیا قبووڵ کردن نیە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم و سەرکیی داهێنانە،



سەرچاوە Serchawe

سنووری زانست و ئەندیشە نابێ دیاری کراو بێ، لە بیرکردنەوەو ئەندیشەدا دەبێ جێگە بۆگومان هەبێ و دەرفەتی هاتنەکایەی هزری نوێ بۆ مرۆڤ بڕەخسێ.

لەچاخ وسەدەکانی دێریندا، ئایدیای رەهاو لایەنگرانی نەرێت، "شک وگومان و وەڵامی روونیان" بۆ گرینگ نەبوو، بیروبۆچوونی خورافی وپڕ لە وەهم مرۆڤی لە مرۆڤایەتی دوورخستبۆوە، تان و پۆی ئەقڵ و ئەندیشەی مرۆڤ لەگەڵ ئەفسانەکان لێک ئاڵابوون، ژیان و مەرگ بە هۆی ئەفسانەکانەوە راڤە دەکران، سێحرو جادو خورافات ببوونە هۆی ئەوە کە مرۆڤ نەتوانێ ژیرانە زانست وتێگەیشتنی خۆی بۆباشکردنی دۆخی ژیانی بەکاربێنێ. پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەبەرە مرۆڤی بەرەو ئەوە برد کە هوشیاری وزانیاری لەسەرخۆی وشتەکان و دیاردەکان زیاتر بێ، گەشەو درەوشانەوەی ئەندیشەی مرۆڤ بوو بە رووناک کەرەوەی رێگای رزگاری مرۆڤ لە کۆت و بەندی سێحرو جادو و ئەفسانەو خورافات.

ئەو مرۆڤانەی کە بە رووناکی گەیشتوون و رووناکبیرو بیرکراوەن وخۆیان وەک مرۆڤ دەناسن و لەشوێن و کاتی جیاوازدا خاوەنی بیرن و دەزانن کە چاوپۆشی لە رۆشنگەری پێشێل کردنی مافی مرۆڤە، هەرگیز لەتاریکی ناترسن و کاردەکەن لە پێناوی گۆڕینی شێوازی بیری ئەفسانەیی بۆ بیری واقیعی، خەبات دەکەن بۆ ئازادی لە بەکارهێنانی ئەقل و ئەندیشە و ئازایەتی لە راگەیاندنی زانست و زانین.

ئەو بیرو ئەندیشانەی" کە شتە گەورە و بچووک و روون و ئاشکراکان و راستییە رێژەییەکان "وەک رەها و"مقدس" یان بیروبۆچوونی خورافی و پڕلە وەهم وەک "حقیقت" بەخەڵک بناسێنن، زیان بەزانست و گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگەێنن. ئەوبیرو ئەندیشانەی کەسەرکوت و سڕینەوەی بیروبۆچوون و دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بە"پیرۆز و رەوا"بزانن دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤن، ئەو بیروڕایانەش کەزادەی پێویستییەکانی سەرکەوتن وچەسپاندنی ئەقڵانیەت، سەروەری گەل، دەسەلاتی دیموکراتی و ئازادی کۆمەڵگا بن کاریگەر دەبن و درێژە بە رەوایی رێژەیی خۆیان دە دەن.

لەجیهانی ئەمرۆدا کە سە ردەمی دەسەڵاتی زانیاریی، سەروەری ئەقڵ، سێکۆلاریزم، شارستانیەت، هەمە رەنگی، فرەلایەنی، ئازادیی دژەکان وبیروڕای جیاوازە، مافی" بۆ هیچ فەلسەفە، ئەندیشە، ئایین، ئایدیۆلۆژی، تێز و دەسەڵاتێک بۆ هەمیشە پارێزراو دەستەبەر نابێت.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بۆ بنبڕکردنی بیرو ئەندیشەی کۆنەپەرستانە و چەقبەستوو ئەفسانەیی، بۆسڕینەوەی شوێنەواری نالەباری ئایدلۆژیای رەهاگەراونەگۆڕ، پێویستی بەئەقڵ و ئەندیشەی ئازادورێژەیی، بیری رەخنەیی، رەخنەگری ئازا،

ڕەخنەی بنیاتنەر، لێکۆڵەری واقیعبین و بەتواناو داهێنەر، دامەزراوە و سەرچاوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی بەهیزو چالاک، دامەزراوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ئازاد و بەرپرس هەیە.

ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## گرینگیی ئازادی لە ژیانی مرۆڤ وکۆمەڵگادا

ئازادی بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیانداپ یۆیستییەکی سەرەکییە. هەتا هەست بە بوونی ئازادی نەکەین، هەتا نەزانین کە ئازادی چ گەنجینەیەکی جوان و بەنرخە، هەتا نەزانین کە ئازادی چ نیعمەتێکی گەورەیە، رەنگە وەک پێویستە خەباتی بۆ نەکەین. لە کۆمەڵگایەکدا کە جیلوەی مرۆڤایەتی ئازادبێت پڕ دەبێ لە جۆراوجۆری، فرەچەشنی، هەمەڕەنگی، هەستی بەرزی ئینسانی، هەستی نیشتمانپەروەری، کاروچالاکی، فیداکاری، لەخۆبوردویی، هاوکاری، پاکی، دڵسۆزی، جوانی خۆشەویستی، سەرزیندوویی، داهێنان، دڵخۆشی وبەختەوەری و دەرەنجام پێشکەوتن و گەشەو درەوشانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

ئازادی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، کە لە ئیمکانی وەدیهاتنی ویست و ئیرادەی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ، لە دۆخی ئازادیدا ئیرادەی مرۆڤێک نابەستریتەوە بە ئیرادەی مرۆڤێکی دیکە و تاک بەناچاری و لە ژێرزەخت و گوشاری کەسانی دیکەدا هەڵسوکەوت ناکات و فەرمانڕەوای رەهای جەستە و رۆحی خۆیەتی و هەموو کەسێک مافی ژیان و ئاسایشی خۆی هەیە.

زەوتکردنی هەرجۆرە ئازادییەک لە ئیرادەی مرۆڤ، واتە زەوتکردنی هەرجۆرە مەعنەویەتێک لەکردەوەی ئەو، چاوپۆشی مرۆڤ لە ئازادی لە خۆیدا دەستبەردار بوونە لە تایبەتمەندیی مرۆیی و چاوپۆشینە لە مافی مرۆڤ و تەنانەت دەستبەردار بوونە لە ئەرکەکانی مرۆڤایەتی، ئەم جۆرە چاوپۆشی کردنە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناسازگار.

گەشە و درەوشانەوەی تواناو لێهاتوییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆسەربەخۆیی مرۆڤ و سەربەخۆی مرۆڤیش دەگەڕێتەوە سەر رادەی ئازادیی ئەو، مەرجێکی سەرەکی بۆ ئازادیی مرۆڤ، «بوونی مافی هەڵبژاردنە»، مرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستی بە "نان و ئاوو هەوا" هەیە، هەر بەو چەشنەش بۆگەشەو درەوشانەوەی تواناو لێهاتوییەکانی تاک و کۆمەڵگا پێویستی بە "بوونی مافی هەڵبژاردن و ئازادی و دادپەروەری" هەیە".

بڵاو بوونەوەی" وتاری ئازادیخوازانە" بە چەشنێک چاوەکان دەکاتەوە و سەرەنجی مرۆڤەکان بەرەو ئاسۆی روون رادەکێشێ کە تەنانەت چاویلکەی رەشی سەرەڕۆیی و پەردەی رەشی زۆرداری و ستەمکاری، ناتوانێ پێشی پێ بگرێ.

هەتا «ئاکار و کرداری ئازادیخوازانە» لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا زیاتر بێ، «دزێوی و بێزراویی خوو خدەی» ستەمکاران و دیکتاتۆران باشتر دەردەکەوێ پەرە ئەستاندنی بیری ئازادیخوازی دەرفەتی ئەوتۆ پێک دێنێ کە مرۆڤەکان دژکردەوەو داوەری دروستترو باشتریان لەسەر کردەوەو ئاکاری یەکتر هەبێ.

ناسینی ئازادی دەبێتە هۆی لەڤاودانی" سەرەڕۆیی نهێنی" لە پێوەندی ئاسایی ژیاندا و زەمینە بۆ ئاشکرا کردنی زوڵم و ستەمکاری لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا ئامادە دەکات.

ئازادیخوازی دەتوانێ تەوەرێکی هاوبەش و گرینگ بێ بۆ مرۆڤەکان، کەلە سەرەوەی سەلیقە سیاسی و تەشکیلاتییەکان لەسەر باوەڕ بە فرچک بەستن و نەهادینە بوونی ئازادی لەیەکتر نیزیک ببنەوە و لەو رێبازەدا خەباتی هاوبەش و یەکگرتوو بکەن.

ئازادی لەکۆمەڵگایەکدا دابین ودەستەبەر دەبێت کە لە لایەن سیستمێکی دیموکراتیک بەرێوە بچێت و یاسای بنەرەتی ئەو ولاتە لەسەر بناغەی پێوەرە جیهانیەکانی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ داڕێژرابێ و هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی بەروونی و بێجیاوازی ئایین، رەگەز، نەژاد، نەتەوە، چین وتوێژ تێدا نووسراو سەڵمێندرابێ. دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئەرکدارو بەر پرس بێ کەماف و ئەرک و حورمەتی تاک، کۆ، کەمینە، زۆرینە و پێکهاتەجۆراو جۆرەکان و خەڵک بەگشتی یاسامەند و نەهادینە و پراکتیزەبکات ودەرفەت و بواری یەکسان بۆکۆمەلانی خەلک بڕەخسێنێ بۆئەوەی بتوانن لە تواناو بەهرە سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکانی یەکترو بەهاوبایەخەگشتییەکانی مرۆڤایەتی کەلکی دروست و پێویست وەرگرن هەروەها بنیادە سەرەکییەکانی دەوڵەت(وەک؛دەسەلاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن) پێبەندبکرێن کە بەپێی یاسای بنەرەتی، مافی مرۆڤ بپارێزن و رێز لەمرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکان بگرن.

لە هەرکۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان بەهۆی وشیارنەبوون، نەریت، ترس، تەماح و ساویلکەیی مل بۆستە مکاری و دیکتاتۆری رادەکێشن، ئازادی و سەربەستیلەبیر دەکرێ. دیکتاتۆری لەسەر بناغەی ناوشیاری و نەزانی و دواکەوتوویی کۆمەڵانیخەڵک فۆرم دەگرێو پەلوپۆ دەهاوێژێ، زاڵم بەپشت بەستن بەنەجوولان و وەستانی مەزڵووم درێژە بە ستەمکاری خۆی دەدا. هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ خۆی لە کۆت و بەندی زوڵم و ستەمکاری رزگار بکا، مەگەر بگاتە ئاستێک لە پێشکەوتن و گەشەی هزری و کۆمەڵایەتی کە "بوونی زوڵم و ستەم" و "نەبوونی ئازادی" بۆ قبووڵ نەکرێ

هەڵبژاردن و گرتنەبەری شێوەی خەبات بۆ ئازادی رەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگایەکی دیکەو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە جیاواز بێ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ گەیشتە قۆناغی "تێگەیشتن و دەرکی تەواو لە ئازادی" واتە بەو باوەڕە گەیشت کە بەبێ ئازادی ناتوانێ بژی، دەبێتە خەباتگێڕی ماندوو ی نەناسی رێگای ئازادی.

رێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتوویی و یەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە بەرژەوەندی کورد دایە

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پتر لە رابردوو باس لە تەبایی و یەکریزی لایەنەسیاسییەکانی کوردستان وەک پێویستییەکی سیاسیو هەنگاوێکی گرینگ لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان دەکەنو لەو باوەڕەدان کەخەبات وتێکۆشانی یەکگرتووی گەلەکەمان ئەوەندە گرینگو پڕبایەخە کەناکرێو نابێ گیرو گرفتو کۆسپەکان ڕێگای لێ بگرن.

لەهەلومەرجی ئێستادا، خەڵکی کوردستان بۆدرێژەدان بە خەباتێکی یەکگرتوو شلگیرانە لەپێناوی مافەرەواکانیاندا، پێویستیان بە وەسەریەک کەوتنەوەو خۆرێکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات هەیە، لەم پێوەندییەدا پێویستە بریار بەدەستانی حیزبی دێمۆکرات پێداچوونەوە بەو بۆچوونو هەڵوێستانەیاندا بکەنەوە کە لە رابردوودا بوونەتە کۆسپی سەر رێگای تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و دەبێ ئازایانەو راشکاوانەو بە نیازپاکیو بەگیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییو بە پلاتفۆرمو رێکاری گونجاو و روونو شەفافو بە وتوویژی بنیاتنەر کاری جیددی بکەن بۆ لێک نزیک کردنەوەی روانگەو بۆچوونە جیاوازەکانیان لە پێناو یەکگرتوویی ویەکبوونەوی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بۆ گەیشتن بە بەشێک لە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان دەبێ وشیاریو ئیرادەو بیرو بڕیارو زمانو گوتاری یەکگرتووی سیاسی هەبێ کە "پیکهێنانی بەرەی کوردستانی" لەم پێناوەدا کاریگەری گرینگی هەیە، یەکگرتوویی ویەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات دەبێتە پارمەتیدەروڕێخۆشکەری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی. لەئاکامدا بەرەی کوردستانی دەبێتە بە دینامیزمی خەباتی یەکگرتووی هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانو لەگەڵ پێشوازی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو دەبێ، وشیاری نەتەوایەتیو هەستی نیشتمانپەروەری بەهێزتر دەکات، هیواو هێزو وەرەی خەڵک بەرز دەکاتەوە، بەدبینی سیاسی لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا کەمرەنگو لاواز دەکاتو باوەڕ بەیەکتر کردنو یەکریزی لە نێو خەڵکو خەباتگێڕاندا پتەوتر دەکاتو گەشبینیو وتووێژی سەردەمیانەو بنیاتنەر دەبێت بە شێوازێکی باش بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی لایەنە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەکریزیو یەک هەڵوێستیو ئیرادەی یەکگرتووی سیاسیو بەهێزو سەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە بیانیو ئێرانییەکان وتووێژو هەڵسوکەوت دەکەنو لە ئاستی نێونەتەوەیشدا قورساییو ئێعتباری کوردستان و خەباتە رەواکەی بەرچاوتر دەبێو پێشوازی زیاتری لێدەکرێ.

ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## گرینگی رۆڵی راگەیەنە گشتییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا

مێـژووی مرۆڤـایەتی گەواهـی دەدا کە لە گەڵ سـەرهەڵدانی کـۆمەڵە سـەرەتاییەکانو بەردەوامبـوونی شارسـتانیەتدا، بە گوێرەی پێویستی ژیانو لە پێناوی ئاڵوگۆڕی بیروراو وەدەستهێنانی زانیاریدا، پێوەندی نێوان مرۆڤەکـان بە شێوازی جیـاواز بەردەوام بـووە. مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیەوەو لەو رۆژەیەوە کە قسەی زانیوە پابەنـد بـووە بە راگەیانـدنەوەو، ئامرازەکـانی پێوەنـدی جەمـاوەری دەوری کـاریگەرو گرینگیـان بـووە لە ژیـانی تـاکو کۆمەڵـداو، لە هەمـوو قـوژبنێکی ئەم دنیایەدا شان بە شانی مرۆڤ ئامرازەکانی پەیوەندی کردنیش لە هەموو روویەکەوە پەرەیان سەندووە.

لە کۆمەڵە دێرینەکانـدا بە هـۆی بـارووددۆخی جوگرافیـاییو ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیـدا پەروەردە بـووە مەودای پێوەنـدی کردنو زانیاری گەیاندنو ئامادەکردنی ڕای گشتی بەرتەسک بووەو تایبەت بووە بە چەند بابەتێکەوەو زۆر نەچۆتە قـووڵایی بابەتەکانەوە، لە هێندێک بوارەوە تێروانینی میتافیزیکیانەی بووە.

لە سەدەکانی دێریندا مرۆڤ بۆ گواستنەوەی پەیامێک یان ئاشکرا کردنی رووداوێک پەنـای بـردۆتە بەر هـاوار کردنو دەنگو دەهـۆڵ کوتـانو بـۆریەژەنی و ئـاگرو دوکەڵو تیشـک و تیشـکدانەوە، بەڵام لە چـاخی نوێـدا پێشـکەوتنی راسـتەقینەیی ئامرازەکـانی پێوەنـدیو راگەیانـدنی زانیـاری لە گەڵ داهێنـانی"پیت" و سەرهەڵدانی "چـاپ" و"تلگراف" دەست پێدەکات تـا دەگاتە بڵاو بوونەوەی کتێبو گۆڤارو رۆژنامەو وەگەڕکەوتنـی رادیـو و سینەماو تەلەفزیـونو مـانگە دەسکردەکان( مـاهوارە) و ئینتێرنێت. لە راستیدا هەر لەو سەردەمەوە کە"پیت" سەری هەڵداوەو نووسین لە سـەر پێسـتی ئـاژەڵ و خشـتی سوور دەستی پێکردوە تا ئەمڕۆ، تێکنۆلۆژیی زانیاریو پێوەندییەکان کاریگەرییەکی چارەنووسسازی هەیە.

راگەیاندن، لە پەیام و پەیامنێرو ناوەندو شێوازو وەرگرو کاردانەوە پێک دێ، کەسایەتی راگەیاندن و هۆکاری راگەیانـدنو ڕای گشتی پێکەوە پەیامی راگەیاندن تەواو دەکەن، پێوەندیکردن رەوتێکە کە راگەیاندن بە جۆرو ناوەندو وەرگرەوە بە کـار دێنێ، راگەیاندنی کاراو کاریگەر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی پێوەندیکردن.

راگەیەنە گشتییەکان، ئەو دەستەیە لە راگەیاندنەکانن کە بە مەبەستی گەیانـدنی دەنگو بـاسو زانیـاریو دابینکردنـی سەر گەرمی بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە کار دەهێنرێن، وەکو رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، رادیو، تەلەفزیون، سینەما، ڤیدئو



سەرچاوە Serchawe

سیدی و ئینترنێت، کە پیت و دەنگو وێنەیان دەگەنە لای زۆرێک لە مرۆڤەکانو کاریگەریەکی شوێندانەریان لە سەر ژیانی خەڵک هەیە.

ڕاگەیاندنەکان، لە چاخ و قۆناغو سیستمی جیاوازدا نێوەروکو مەبەستی جیاوازیان هەبووە، ئامانجی سەرەکی ڕاگەیەنە گشتیەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، بڵاو کردنەوەو ناساندنی شارستانیەتەکان، کولتوورەکان، شێوازەکانی ژیان، سیستمەکان، یاساکان، بەهاکان، ئەزموونەکان و گەیاندنی زانیارییە پێویستیەکان بە خەڵک و بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتییە.

ئێمە لە هەزارەی سێهەمو لە سەردەمێکی تێکچڕژاو پێکەوە بووندا دەژین کە لە ئاکامی بەنێو دەوڵەتی بوونی پێوەندییە مودێرنەکان، خەڵکی سەرانسەری دنیا لە سیستمی جیهانی زانیاریدا بەشدارن. تێکنولۆژی زانیاری و پێوەندییەکان و هاوگەرایی وەبەرهێنان و دابەش کردنو بەکارهێنەرانی کالاو شتومەکە زانیارییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەندووە، پیشەسازی ڕاگەیەنەکان بە شێوەیەکی خێرا تێکەڵ بە ڕەوتی جیهانگەرایی بووە، شیرکەتە ڕاگەیەنەکان بەرینترو فراوانتر لە سنوورو چوارچێوە نەتەوەییەکان چالاکی دەکەن، تێکەڵ کردنی کومپانیا ڕاگەیەنەکان پەرەی سەندووەو چالاکییەکانی خۆیان فرەچەشنو فرەلایەنو جۆراوجۆر کردونەتەوە، پیشەی ڕاگەیەنە جیهانییەکان لە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی ڕێژەیەکی بەرچاو لە شیرکەتە فرەنەتەوەییەکاندایە. ڕۆژنامە، رادیو، تەلەفزیون و تەلەفونە جۆراوجۆرەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تێکنۆلوژی و پەرەسەندنی خێرایی ئینتێرنێت ڕووبەڕووی گۆرانکارییەکی قووڵ و سەر سورهێنەر بوونەتەوەو شێوازەکانی ڕێکخستن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان لە گۆرانی بەردەوامدان، ئینترنێت ئیمکانات و پێداویستی نوێو ورووژێنەوە دەخولقێنیو ڕێژەی بە کارهینەرانی لە سەرانسەری دنیا بە خێرایی ڕوو لە زیاد بوون کردوە، کارکردی موبایلەکان لە حاڵی گەشەو پەرەسەندن دایە، دەکرێ ڕۆژنامەکان لە سەر تۆڕە ئێلێکترۆنیەکان بخوێنرینەوە.

لە سەردەمی بە جیهانی بوونی زانیاریدا، ڕاگەیەنە گشتیەکان پێشکەوتنو گەشە کردنیان کردۆتە بە مەلەکەی زەینی مرۆڤو بەردەوام بە جیهانی زەینی مرۆڤ فۆرمو شێوازی نوێ دەدەن، کاتو شوێنیان چڕ کردونەتەوە، جیهانیان کردۆتە بە گوندێکی بچووک، بوونەتە بە چاوو گوێی کۆمەڵگاو دەنگ و باس وزانیاری بە هەر کەسو هەموو لایەنێک دەگەیەنن، وریاکەرەو هاندەری خەڵکن، ڕێگا خوش دەکەن بۆ وتووێژو لێک تێگەیشتن و یەکتر قبووڵ کردنو پێکەوە گونجانی مرۆڤەکان، نەخشیان هەیە لە ڕێکخستنی هاوڵاتیان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بیروڕای گشتی ڕێکدەخەنو ئاراستەی پێ دەبەخشن، کەشو هەوای لەبارو گونجاو دەڕەخسێنن بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەو بازاری ئازادو ڕکابەری ئابووری.

لە چاخی زانیارییدا، راگەیەنە گشتییەکان شێوازێکی مودێرنیان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکاندا ساز کردوە، لە گۆرینی کولتووری نەریتی و باوکسالارانە بۆ کولتوور سازی نوێو سەردەمیانەو دارشتنەوەی سیستمی پەروەردە و بیچم گرتنی کەسایەتی مرۆڤی نوێ بە تایبەت منداڵان و مێر منداڵاندا رۆڵی کاریگەرو شوێندانەریان هەیە.

میدیا جیهانییەکان، سنووری نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان بەزاندوەو بە تێکشکاندنی سانسۆری جۆراوجۆر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانیان خستونەتە ژێر گوشارو، ئەو دەرفەتەیان بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی‌و سیاسیەکان ڕەخساندوە کە پەرە بە کولتووری خۆیان بدەنو بۆ دابین کردن و دەستەبەر کردنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسی خۆیانو گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات دەکەن.

لە کۆمەڵگای مەدەنی‌و ئازادو دیموکراتیکدا، راگەیەنە گشتیەکان دەبنە ئاڵقەی پێوەندی نێوان دەسەڵاتو هاووڵاتیان و مەوادی نێوان خەڵک و حکوومەت کەم دەکەنەوە، لە سەر چۆنیەتی بەرێوەبردنی وڵات لە لایەن دەسەڵاتەوە زانیاری دەدەن بە هاووڵاتیان و دەسەڵاتیش لە ویستو خواستی خەڵک ئاگادار دەکەنەوە، بارودۆخی گونجاو دەرەخسێنن بۆ بەشداریکردنو راهێنانی هاووڵاتیان لە سەر بریارە سیاسیەکان، بە شێوەیەک مەسەلەکان سادە دەکەنەوە کە هاووڵاتیان ئاسانتر سەر لە کێشە سیاسییەکان دەرکەن، پرسە سیاسییەکان دەخەنە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندن، رووناکی دەخەنە سەر کردارو ئاکاری دەسەڵاتدارن و شێوازی بەرێوەبەریان دەخەنە ژێر پرسیار، بە فۆرمدان بە سیاسەت و دەوڵەتی یاسا باندۆری کاریگەر لە سەر چۆنیەتی بەرێوەبردنی وڵات دادەنێنو دەسەڵات پابەند دەکەن بە وەڵامدانەوە بەرامبەر بە هاووڵاتیان، لە رێگای چاوەدێری کردنو لە قاودانەوە پێشگیری لە گەندەڵی ئیداری‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دەکەن.

ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٤

## د.قاسملوو، ڕێبەرێکی دێموکرات و سیمای بەرزی مرۆڤایەتی

٢٢ی پووشپەری ١٣٩٣ی هەتاوی ٢٥ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دوکتور قاسملووی زاناوەمەزن دا تێ دەپەڕێ، بەم بۆنەوەو لەم رۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کوردو دۆستانو لایەنگرانی کوردو دوکتورقاسملوو، لە زۆر شوێنی جیهان دا، بە شێوەی جۆراوجۆر رێز لە یادو بیرەوەری ناودارترین کەسایەتی سیاسیو گەورە پیاوی مێژووی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر دەگرن.

لە ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (بەرانبەربە ١٣ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩زایینی) دا، تیرۆریستە دڵرەشەکانی رێژیمی ولایەتی فەقیە، کەبە ڕواڵەت بۆباسو دیالوگ لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێرانەوە ناردرابوونە ڤییەن (پێتەختی ئوتریش ).دوکتورقاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەگەڵ کاک "عەبدوڵا قادری ئازەر"ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و" دوکتور فازڵ رەسووڵ "ماموستای کوردی زانستگەی ڤییەن، تیرور کرد.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیانزانی کە د. قاسملوو هەروەک لە خەبات بۆ دادپەروەری سیاسیو نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی دا شێلگیرە، زۆر زیاتر لەوەش باوڕی بە وتووێژو چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیەو هەر بۆیە کاتێک لە رێگای نیزامی یەوە زەفەریان پێ نەبرد، فێڵبازانەو دەغەڵکارانە لە دەروازەی ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتنە مەیدانو بە ناوی وتووێژی ئاشتیخوازانە لە سەر مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە ڤییەن دەگەڵی دانیشتنو تێروریان کرد.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە شەهید بوونی د.قاسملوو زەبرێکی کاریگەرو خەسارو کۆستێکی مەزنو شوێن دانەر بوو، کە بەتایبەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەو کۆستە گەورەیە، کۆستی هەموو نەتەوەی کورد بە گشتیو بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و بزوتنەوەی خەبات بۆ ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی لە ئاستی جیهانیدا بوو.

ئەو کۆستە گەورەیە لەلایەک بوو بە مایەی خەمو پەژارەی خەڵکی کوردستانو دۆستانی گەلی کوردو لەلایەکی دیکەوە ڕقو

ڤینی شۆرشگێرانەی رۆڵەکانی گەلی کوردی بەرانبەر بە رێژیمی ئاخوندی زیاتر لە پێشوو بزواند ولە سەر درێژەدانی خەباتو رێبازی رێبەرە مەزنەکەیان شێلگیر تری کردن ولەئاستی جیهانیش دا، سیماو نێوەرۆکی تیرویستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی باشتر دەرخست.

دوکتور قاسملوو، بە شاهیدیو ئیعترافی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردو ئێرانیو جیهانی کەلە نزیکەوە ناسیویانە، گەورەترین و بەئێعتبارترین کەسایەتی سیاسی و مێژووی کورد بوو، تەنانەت لە رۆژهەلانی ناوەڕاستیش دا کەسایەتیەکی کەم وێنە بوو، بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بۆبەشێکی بەر چاو لە دەسکەوتەسیاسیەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکی سیاسی ئەو رێبەرە مەزنەیە، بە داخەوە ئیستاشی لە گەل بێ گەلی کورد رێبەرێکی دیکەی هاوتای قاسملووی نەبوەتەوە.

دوکتور قاسملوو، خوێندکارێکی زیرەکو بە بەرنامە، مامۆستایەکی کەم وێنە، بیرمەندو رووناکبیرێکی بیرکراوەو تێژبیرو وریاو ژیربوو.

دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرنو سیمایەکی دێموکرات، مروڤێکی شورشگێر، سیاسەتوانێکی واقع بینو نمونە، دیپلۆماتێکی هەڵکەوتو وسەفیرێکی گەورەی نەتەوەی چەوساوەی کورد بوو.

دوکتور قاسملوو، مودیرێکی داهێنەرو چالاک و پڕکارو ماندووی نەناس، رێکخەرێکی بە تواناو ئەمانەت دار، پێشمەرگەیەکی بە نەزمو دیسیپلین، تێکوشەرێکی خاکیو خەڵکیو بەهەستو قسە خوشو راستگۆ، کوردێکی مافخوازو نیشتمان پەروەر بوو.

دوکتور قاسملوو، لە ئاستی کوردستان و ئێران و جیهان دا، بەراستی خەباتگێڕی شێلگیرو لە خۆ بوردوو ماندووی نەناسی رێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی بوو..

د.قاسملوو، بە زیرەکی و توانایی و ئەزموونی کەم وێنەی خۆی رۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا وەڕێ خست، پێرەوپرۆگرامی حیزبی لە سەر بناغەو بنچینەی دیمۆکراسی وبەرژەوەندی گەلی کوردو سەربە خۆی سیاسی بڕیاردان دارشتەوەو کردییە بە رێبازی سیاسی حیزبی، سوسیالیزمی دێموکرانی لە ناو حیزب دا چەسپاندو کردییە بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دیموکرات.

شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، پێی وابوو دێموکراسی شتێک نییە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەس و چەند وڵات بێ، بەڵکو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتییەو هەرکەسێکو هەر وڵاتێک مافی هەیە کە هەیبێ و کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەو نەک هەر بۆ دۆستان تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی دێمۆکراسی دەپاراستو دەیفەرموو: "خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی"

د.قاسملوو، باوڕی قووڵی بە" ئازادی و داد پەروەری" هەبوو، پێی وابوو مرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستی بە "ئاو هەوا" هەیە، هەر بەو چەشنەش بۆپەرەگرتن و گەشە کردن و درەوشانەوی کومەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە "ئازادی و داد پەروەری" هەیە.

شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕی قووڵی بە"دۆستایەتی و پەیوەندی و هاوکاری"نێوان مرۆڤەکان هەبوو، پێی وابوو بۆ بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە پاراستنی "بەرژەووندی و سەربە خۆیی و حورمەتی"بەرانبەر، پێویستە ئەو پێوەندی و هاوکارییە هەمیشە گەشە بکاو پەرە بستێنێ.

لە بەر هەمووی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە د.قاسملووی نەمر هەیبوون، شەمشەمە کوێرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران، دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ، بە پیلانی ئاشتی و بەغەدرو خەیانەت دەست بەکار بوون و مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتییان شەهیدکرد.

ئەوان بە هەڵە چوون، پێیان وابوو بە تێروری د.قاسملوو، ڕێبازو ئامانج و حیزب وگەلی قاسملووشیان تێرور کردوە، بەڵام ئێستا پاش تێپەر بوونی ٢٥ساڵ بە سەر شەهید بوونی د.قاسملوو دا، زۆر ئاڵوگۆری هەمە لایەنە و گرینگو چارەنووس ساز لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ناوخویی دا پێک هاتوون کە تەنانەت لە سەر حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش شوێن و کاریگەری بەرچاویان هەیە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش زیاتر لە هەموو کاتێک کەوتوەتە بەر گەمارۆی جۆرواجۆری نێودەوڵەتی و جیهانی و حیزبی دێموکراتو بیر وڕێبازو ئامانجی قاسملووش بەردەوام لە بەرەو پێش چوون و گەشە کردن و درەوشانەودان و ڕێبوارانو قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووش، ئاڵای پڕلە شانازی ئەویان بە شەکاوەیی ڕاگرتوەو بۆ گەیشتن بە مافو ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد، دڵسوزانەو سەربەرزانەو شێلگیرانەو بێووچان خەبات دەکەن و بەرەو ئاسۆی ڕوون هەنگاو دەنێن.

**ڕێکەوتی: ٩ی جووڵای ٢٠١٤**

## کۆماری کوردستان، یەکەم حکومەتی مودێرنی کوردی

لە سەدەی بیستەمدا جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد تووشی هەورازو نشێوی زۆر بوونو چەندین ڕاپەڕینو بزووتنەوەی گەورەو بچووک، بۆ وەدیهێنانو دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ناوچەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە، بەڵام لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاری کراوو بەر تەسک نەهاتوونەتە دەرێو ئامانجەکانیان زۆر پێشکەوتوو سەرکەوتوو نەبوون.

لەو سەردەمەدا کە بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ئەمریکاو بریتانیا لە باشوورو یەکیەتی سۆڤیەت لە باکووری ئێران جێگیر بوون، ڕژیمی پاشایەتی ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە بەشێک لە ناوچەکانی ئێرانو کوردستان دا نەمابوو، یا زۆر کزو لاواز بوو. بارووددۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئامادە بوو بۆ ئەوەی کە گەلی کورد دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ. لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ (١٦ ئووتی ١٩٤٢) چەند ڕووناکبیرێکی کوردستان، لە شاری مەهاباد"کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" (کۆمەڵەی ژ - ک )یان پێکهێنا. کۆمەڵەی ژ- ک ڕێکخراوێکی داخراوو نهێنی بووو وەڵامدەری وەزعی تازەی کوردستان نەبوو. هەربۆیە وەک پێویستییەکی سیاسیو بە گوێرەی بارووددۆخی نوێی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی) لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ- ک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزراو بەرنامەکانی خۆی بڵاو کردنەوە.

لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیو نوێو دیموکراتو پێشڕەو، بە سیاسەتێکی دروستو ئوسوولیو واقعبینانە، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی مێژووی خەباتی گەلی کورد، بە بڵاو کردنەوەی بەرنامەیەکی هەشت بەندی کە زۆربەی داخوازییەکانی نەتەوەی کوردی لە خۆ گرتبوو، بە خەباتو تێکوشانی شۆڕشگێڕانە، لە ماوەیەکی کەم (١٦٠ ڕۆژ)دا توانی هەستی نەتەوایەتیو بیرو باوەڕی دیمۆکراتی لە کوردستان دا بڵاو بکاتەوەو لەو بەشەی کوردستان، بە تایبەت ناوچەی موکریان دا، زەمینەی دامەزرانو ڕاگەیاندنی کۆماری کورستان پێک بێنێ.

سەرئەنجام گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی دا، دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد ڕاگەیاندو پێشەوا قازی مەحەممەد وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان دیاری کرا.



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ جووڵانەوەکانی رابردوو جیاوازی بەرچاوی هەبوو. خاوەنی بەرنامەیەکی رێکو پێکو ئامانجی نەتەوایەتیو دیمۆکراتی مودێرن بوو. زمانی کوردی کرا بە زمانی فەرمیو سوپای میللی لە ژێر ناوی هێزی پێشمەرگەدا پێکهاتو قوتابخانەی کوردی دامەزراو چەند رۆژنامەو گۆڤاری کوردی چاپو بڵاو کرانەوە. بۆ یەکەم جار یەکیەتییەکانی لاوانو ژنان دامەزرانو بە گشتی خزمەتێکی زۆر بە فەرهەنگو کولتووری کوردی کرا.

بەڕێوبەرانی کۆمار لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا، زۆربەی کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی یەکانو تەنانەت کێشە سنووری یەکانیشیان لەگەڵ دراوسێکانو نەتەوەکانی دیکە بە شێوەی دیمۆکراتیکو لە رێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر دەکردن.

خاڵێکی بەهێزی دیکەی کۆماری کوردستان، ئەوە بوو کە بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیواو ئاوات بوو، هەر بۆیەش بارزانیەکان بەرێبەری خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانیو زۆر کوردی دیکەی باشووری کوردستان لە کاروباری کۆماری کوردستان دا چالاکانەو بەرپرسانە بەشدار بوون، زۆر نوێنەری کورد لە تورکیەو سووریەو تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان، لە ئوروپاو ئەمریکاوە سەردانی کۆماری کوردستانیان دەکردو بە چاوی هیواو تاسەو ئارەزوو دەیانڕوانییە یەکەم حکومەتی مۆدێڕنی کوردی.

کۆماری کوردستان لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیدا تا رادەیەکی بەرچاو ئەمنییەتو ئاسایشی بۆ خەڵک دابین کردو تەنانەت بۆ باشتر بوونی باری ئابووری کوردستان دەستی بە بازرگانی راستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت کرد.

بەداخەوە کۆماری کوردستان زۆر نەژیا تا لە خزمەت کردن بە گەلی کورد بەردەوام بێ، بەلام لەو ماوە کورتەش دا بەقەد دەیان ساڵ خزمەتی بە زمانو فەرهەنگو کولتووری کوردی کردوە. ماوەی ١١ مانگ بۆ ئیدارە کردنو دابەزاندنی پلانو بەرنامە، ماوەیەکی زۆر کەم بوو، بەلام گەلی کورد سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی حکومەتداریو ئیمکاناتو هەروەها گەمارۆی دوژمن، دەری خست، شیاوی ئەوەیە کە مافی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێو خۆی ئیدارە بکا.

بەداخەوە ئەو حکوومەتە ساوایە دوای ١١ مانگ کەوتە بەر پەلاماری هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی رێژیمی پەهلەویو رووخا. رێبەرانی کۆمار بەشێکی زۆریان گیرانو پاش دادگایی کردنێکی کورتی نیزامی لە سێدارە دران. پێشەوا قازی مەحەممەدو سەدری قازیو سەیفی قازی لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران.

ئێستا کە حەفتا ساڵ بە سەر دامەزرانی ئەو کۆمارەدا تێدەپەڕێ، نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بە ڕۆژێکی نەتەوەییو کۆماری کوردستانیش بە یەکەم حکومەتی مودێرنی کوردی دەزانن‌و هەموو ساڵێک لە ڕۆژی دامەزرانیدا ڕێزی لێدەگرن. تا ئێستاش بەشێکی هەرەزۆری ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ویستو داخوازی نەتەوەی کوردن‌و ئەم کۆمارە هەمیشە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردایەتیدا دەدرەوشێتەوە.

ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی دا

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە چی بوون؟ ئەم شۆڕشە چ دەسکەوتێکی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە بوو؟

ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) ڕەزاخان بە کودەتایەکی نیزامی کە بەهاوکاری ئینگلیزییەکان کردی، دەسەڵاتی قاجارییەی وەلا ناو ساڵی ١٣٠٤هەتاوی (١٩٢٥)زا یینی خۆی وەک شای ئێرانو دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند.

لەو ساڵەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەر یەک بنەماڵەی پەهلەوی (کوڕو باب) ٥٨ ساڵ بە سەر ئێراندا حکوومەتیان کرد.لە ماوەی ئەو ٥٨ساڵەدا، گەلانی ئێران لە دەست سیاسەتەکانی ئەو بنەماڵەیە وەزاڵەهاتبوونو لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەدا بوو، کە ئەوشۆڕشە سەری هەڵداو کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران هێنا.

ڕەزاشا دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، زۆرداری گەیاندە ئەوپەری خۆیو شۆوێنیزمی ئێرانی کردە سیاسەتی فەرمیو نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران خرانە ژێر توندو تیژترین ستەمی نەتەوایەتیو فەرهەنگو کولتووری ئەو نەتەوانە کەوتە بەر هێرشی سیاسەتی ئەو حکوومەتە شۆوێنیستەو تەنانەت مێژووی نەتەوەکانیش کەوتە بەر دەستکاری کردنو ...هتد. ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا بۆ ئەوە بوو وا نیشان بدا کە لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەک هەیەو ئەویش فارسە. لە ماوەی دەسەڵاتی ناوبراودا نارەزایەتی گەلانی ئێران گەیشتە ئەوپەری خۆیو خەباتو تێکۆشان دژی ئەو دەسەڵاتە لە سەرتا سەری ئێران سەری هەڵدا کە بە توندترین شێوە بە هۆی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو ڕێژیمەوە سەرکوت کرا.

لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ڕەزاشا لە بەر بەرژەوەندی ئاڵمانییەکان خۆی بە بێلایەن ناساند. بەڵام وڵاتانی مێحوەری شەڕ (ئەمریکا، بریتانیاو یەکیەتی سۆڤیەت) بۆ گەیاندنی یارمەتی بە بەرەکانی شەڕی دژی ئاڵمان لە سۆڤیەت، ئێرانیان داگیر کردو ڕەزاشایان لە سەر تەختی پاشایەتی لابردو حەمەڕەزا (کوری ڕەزاشا)یان لە جێی ئەو دانا. ناوبراو لە سەرەتای پاشایەتییەکەی دا دەگەڵ لاوازیو بێ دەسەڵاتی بەرەوروو بوو، هەر بۆیە دەرفەتێک هاتە پێش تا گەلانی ئێران چالاکتر لە پێشوو بێنە نێو سیاسەتو بە دامەزراندنی حیزبو ڕێکخراوی سیاسی لە چارەنووسی وڵاتەکەیان دا بەشدار بن. بە کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو پاشەکشەی وڵاتانی زلهێز لە ئێران، وردە وردە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی

بەهێزتر دەبیّ‌و رۆژ بە رۆژ چوارچێوەی چالاکیی حیزبو رێکخراوە سیاسیەکان بەرتەسکتر دەبیّ‌و چەندین جار لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم هێرش کرایە سەر ئازادیخوازانو بە هەزاران کەسیان لێگیراو دواتر زیندانیو ئیعدام کران، یا لە ناوچەی خۆیان دوور خرانەوە. تەنانەت ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی بە کودەتایەکی نیزامی بە تەواوی وڵاتی بەرەو داخرانی سیاسی بردو تەواوی ئەو وردە ئازادییانەی کە هەبوون، کۆتاییان پێهات. حەمەرەزاشا هەر وەک باوکی، سیاسەتی شۆوێنیزمی فارسی درێژە پێداو لەو پێوەندییەدا چەندین جار نارەزایەتی گەلانی ئێرانی بە توندترین شێوە سەرکوت کرد، کە دەتوانین ئاماژە بە لەناو بردنی دەوڵەتی موسەددیق، هێرشی ساواک بۆ سەر ئازادیخوازان بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٣٨ و ١٣٤٢ی هەتاویو دەستگیر کردنی سەدان تێکۆشەری دیمۆکراتو سەرکوتی بێرەحمانەی جووڵانەوەی ٤٦ و ١٣٤٧ لە کوردستانی ئێران بکەین.

لە ئاکامدا گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٦ رژانە سەر شەقامەکانو بۆ دەستەبەر کردنی ئازادیو مافە ئینسانییەکانیان دژی ئەم رێژیمە شۆڕشێکی سەرتاسەرییان دەست پێکردو لە ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، حکوومەتی پاشایەتییان رووخاند. بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەبوونی بەدیلێکی دیاری کراو لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی دێمۆکراتو پێشکەوتنخواز، دەسەڵات کەوتە دەست ئاخوندە پاوانخوازەکان، بە تایبەتی ئایەتوڵڵا خومەینیو دواتر حکوومەتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهییان لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامی دامەزراند. لە سەر گەورەییو بەشکۆ بوونی ئەو شۆڕشە هیچ شکو گومانێک نیە، بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی داواکارییەکانی گەلانی ئێرانی دابین کرد؟

بە ئاور دانەوەیەکی کورت بە سەر مێژووی ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بۆمان دەردەکەویّ کە نەتەنیا ئەو داواکارییانە دابین نەکران بەڵکوو ئەو نیزامە بە حکوومەتە دواکەوتووەکەی خۆی، ئێرانی بەرەو سەدەکانی نێوەڕاست گێڕایەوەو لەو ماوەیەدا وڵاتی تووشی دەیان موسیبەت کردوە. هەشت ساڵ شەڕ دەگەڵ عێراق ، ئابووری وڵاتی بە تەواوی لاواز کرد. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا بە سەدان هەزار کەس کوژرانو بێسەروشوێنو کەم ئەندام بوون. سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامیو پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەشێکی بەرچاو لە داهاتی وڵاتی بۆ سەرف کراوە. سەپاندنی شەڕی سەرانسەری بە سەر کوردستاندا، پێشێل کردنی هەموو جۆرە ئازادییەک وەک: ئازادی بەیان، نووسین، پێک هێنانی حیزبو رێکخراوی سیاسی، پەرە پێدان بە بازرگانیو بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر، تەواوی ئەو سیاسەتو کردەوانە لە نێو خۆی وڵاتدا بوونەتە هۆی بێکاریو فەسادو گرانیو لە دەرەوەی وڵاتیش بوونەتە هۆی تەریک کەوتنەوەو بێ ئیعتباری رژیمو گەمارۆی جۆراوجۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. کە وابوو بەو ئاکامە دەگەین کە شۆڕشی گەلانی ئێران شۆڕشێکی بە شکۆو پێویست بووە، بەڵام ئەو شۆڕشە هەر وەک لە ماوەی ئەو ٣٧ساڵەدا دیومانە لە رێبازی سەرەکی خۆی لادراوەو هەموو مافو ئازادییەکانی گەلانی ئێران پێشێل کراون.

هەر بۆیە دەنگی نارەزایەتی لە دژی ئەو ڕێژیمە لە سەرتا سەری ئێران بەرز بۆتەوە . بەڵام ئەو جارەیان دەبێ لە ئەزموونی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دەرس وەرگرینو هەر لە ئێستاوە پێویستە بە دیلێکی دێموکراتی ئەوتۆمان بۆ حکوومەتی داهاتووی ئێران هەبێ کە وەڵامدەرو دابین کەری ویستو داخوازییە نەتەوایەتیو دێموکراتیکەکانی گەلانی چەوساوەی ئێران بێت.

ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ٣٢ هەمین ساڵرۆژی تیرۆرکرانی مامۆستا حەسەن شیوەسەلی

٣٢سال لەمەوە بەرلە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦دا،ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بەناوی "سپید دندان" بۆمامۆستا حەسەن شیوەسەلی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەنێرێ، کە بەداخەوەلەدەستیدا دەتەقێتەوە و لەئەنجامی ئەو تیرۆرەدا مامۆستا حەسەن هەردوو دەست و چاوەکانی و هەستی بۆن کردن لەدەست دەدا. هەروەها هەشت ددان و بیسایی گوێیەکانیشی تا رادەی ١٠٠% و ٢٥% لەدەست دەدا و سینگی بە تەواوی دەسوتێ و تووشی نەخۆشی تینیتووس دێت.

بەشاهیدی کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان؛ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی مرۆڤێکی ئازادیخواز، عەداڵەتخواز. نیشتیمانپەروەر، دێموکرات و شۆڕشگێر بوو. رووناکبیرێکی بیرکراوە، تیژبیرو وریاو ژیر بوو. رەخنەگرێکی بنیاتنەرو ڕاهێنەرێکی داهێنەر بوو. سیاسەتوانێکی واقێعبین، دووربین، بەهومێدو باوەڕ پێکراو، مودیرێکی بە بەرنامە، بەئەزموون، دڵسۆز، بەمشوور، پڕکارو چالاک بوو. فەرماندەیەکی لێوەشاوە، شارەزا، بە توانا، ئازاو فیداکار بوو. پێشمەرگەیەکی بەدیسپلین، خاوەن ڕەوشت و ئاکار و کردەوەی دێمۆکراتی بوو. کادرێکی ڕاستگۆ، ڕووخۆش، خۆش مەشرەف و خاکی و خەڵکی بوو.

هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە بوون کە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیان کردبە خۆشەویست وجێی متمانەو هیوای خەڵکی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە فەرماندەیی و ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانەتی کەم وێنەی حەسەن شیوەسەڵی لە شەڕی جەبهەیی دورودرێژو شەری پارتیزانی لە ناوەندو باکوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئیسلامی ئیران، ببوو بە باس و وێردی سەرزمانی خەڵکی کوردستان و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زۆری بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئیسلامی ئیران دروست کردبوو، هەر بۆیە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران پیلانی تیرۆری مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی جێبەجێ کرد.

تیرۆر کردنی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی زەبرێکی کاریگەرو شوێندانەر بوو کە بەجەستەی حیزبی دێموکرات کەوت و بۆ بزووتنەوەی میللی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستانیش خەسارێکی گەورەبوو. ئەم تیرۆرە لە لایەک بوو بەمایەی خەم وپەژارەی خەلکی کوردستان و دۆستانی گەلی کورد و لە لایەکی دیکەوە ڕق وقینی شۆڕشگێرانەی رۆڵەکانی گەلی کوردی

بەرامبەر بەرێژیمی ئیسلامی ئیران زیاتر لە پێشوو بزواند و لەسەردرێژدانی خەبات و ڕێبازی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی شێلگیرتری کردن.

رێژیمی ئیسلامی ئێران پێی وابوو بەم تیرۆرە مامۆستا حەسەن دەکوژێ و حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لەخەبات و تێکۆشان سارد دەبنەوە،بەلام پاش تێپەربوونی ٣٢ ساڵ بەسەر ئەم تیرۆرەدا، مامۆستا حەسەن شیوەسەلی بەردەوام و بێحەسانەوەو بێ پسانەوە بەشیوازی سیاسی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسی لەدژی رێژیمی ئیسلامی ئیران خەبات دەکات و حیزبی دیموکرات و بیرو ڕێبازو ئامانجی مامۆستا شیوەسەلی بەردەوام لە بەرەوپیشچوون و گەشەو درەوشانەوەدان و قوتابیانی شێوەسەڵی ئالای پڕ لەشانازی ئەویان بەشەکاوەیی ڕاگرتووەو بۆ گەیشتن بەماف و ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد دڵسۆزانە و سەربەرزانەو شیلگیرانە خەبات دەکەن.

**تێبینی ١:** ئەو خۆفرۆشانەی کە ئەو تێرۆرەیان جێبەجێ کرد ٢ کەس بوون:

١- حەسەنی رەمەزانی دیوالآن
٢- سەمەدی مەلا حەسەنی کاژێی ناوچەی سەردەشت، کەلەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە گیران و بەسەزای تاوانی خۆیان گەیشتن.

**تێبینی ٢:** پێویستە ئاماژە بەئەوە بکەم کە دادە کلسووم (هاوسەری مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی) نەخش و ڕۆڵی گرینگی بووە لە پاراستن و بەردەوامی ژیان و زیندوومانەوەی مامۆستا حەسەن، بەم بۆنەوە سپاس و ڕێزو ئەمەکداری خۆم ئاراستەی دادە کلسووم دەکەم و لە ئاست لەخۆبوردوی و دلسۆزی و فیداکاری ئەم خۆشکە گەورەو بەرێزە سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنم،

هیوادارم لەگەڵ مامۆستاحەسەن شیوەسەلی تەندروست و تەمەندرێژو و شادو سەر فرازبن.

ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## ١٦ی سەرماوەز،ڕۆژی ڕێزگرتن لە کەمئەندامانی ڕەوتی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان

هەرچەند ڕێزگرتن لەکەم ئەندامانی گەلەکەمان لەهەموو ڕۆژە کانی ساڵدا ئەرکی ئێمەیە، بەم حاڵە بۆ ئەمەگناسی بەرانبەر بەتێکۆشەرانی کەمئەندام، ناوەندی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەڕاگەیەندراوێک دا (لە ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی)، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەم ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات دیاریکرد.

١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦دا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بەناوی "سپیید دندان" بۆ مامۆستا حەسەن شیوەسەلی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەی لێوەشاوەی هێزی گیارەنگ دەنێرێ، کە بەداخەوەلەدستیدا دەتەقێتەوە و لەئەنجامی ئەو تێرۆرەدا مامۆستا حەسەن هەردوو دەست و چاوەکانی و هەستی بۆن کردن لەدەست دەدا. هەروەها هەشت ددان و بیسایی گوێیەکانیشی تا رادەی ١٠٠%و ٢٥% لەدەست دەداوسینگی بە تەواوی دەسوتێ و تووشی نەخۆشی تینیتووس دێت.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران پێی وابوو بەم تیرۆرە مامۆستا حەسەن دەکوژێ و حیزبی دێموکرات وخەڵکی کوردستان لەخەبات و تێکۆشان سارد دەبنەوە، بەلام پاش تێپەر بوونی ٣٢ ساڵ بەسەر ئەم تیرۆرەدا، مامۆستا حەسەن شیوەسەلی بەردەوام و بێحەسانەوەو بێ پسانەوە بەشیوەی سیاسی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسی لەدژی ریژیمی ئیسلامی ئیران خەبات دەکات و حیزبی دیموکرات و بیرو رێبازو ئامانجی مامۆستا شیوەسەلی بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و گەشەو درەوشانەوەدان و قوتابیانی شێوەسەڵی ئالای پڕ لەشانازی ئەویان بەشەکاویی ڕاگرتووەو بۆ گەیشتن بەماف و ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەمان دڵسۆزانە و سەربەرزانەو شیلگیرانە خەبات دەکەن.

لەڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا لە ئاست فیدکاریی و خۆڕاگری کەمئەندامانی گەلەکەمان سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنم و ئەمەگناسیم بەرامبەر بەم تێکۆشەرانە دەردەبڕم و هیواخوازم شادو سەرفرازو سەرکەوتوو بن.

ڕێکەوتی: ٦ی دیسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە

**پێشمەرگە** ئەو مرۆڤە راستە قێنەیە کەلە پێناو رزگاری وئازادی وبەختیاری گەل ونیشتمانەکەیدا،لەهەموو خۆشی وئاسوودەییەکی ژیانی گوزەراوەو لەوڕێبازەدا بەشێوازی ڕەوا وگونجاو شێلگیرانە وئازایانە خەبات دەکات.

**پێشمەرگە**، ئەو مرۆڤە مافخوازەیە کەدژی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤە و لەپێناو بنبڕکردنی هەرچەشنە ستەمێکی چینایەتی، ڕەگەزی، ئایینی، نژادی ونەتەوایەتی دا خەبات دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیە کەلە پێناو چەسپاندن وسەرکەوتنی دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتی، فرەچەشنی وپلۆرالیزمی سیاسی دا خەبات دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە ژیرو بیرکراوەیە کە لەپێناو بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری، هوشیاری نەتەوایەتی و بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسی نەتەوەکەی داخەبات دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە پێشکەوتنخوازەیە کەلە پێناو چاکسازی، نوێبوونەوە، گۆڕان و گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری نیشتمانەکەیدا خەبات دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە خۆشناو دەست و زمان و داوێن پاکەیە کە پارێزگاری لەحورمەت و کەرامەتی مرۆڤ، سەروەت وسامانی گشتی، مێژوو، زمان، کولتوورو کەلەپووری رەسەنی نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە هۆشیارەیە کە بەزانین و تێگەیشتنەوە یاساو رێساو دیسیپلینی گەل و نیشتمانەکەی پەسەند دەکات و لەپێناو سەلماندن و چەسپاندن و سەرکەوتنیدا خەبات دەکات.

**پێشمەرگە**؛ ئەو مرۆڤە ئاشتیخوازەیە کە لە مەیدانی "شەری ڕەوا و وتوویژی شەرافەتمەندانە و ئاشتی سەربەرزانە و دادپەروەرانە" دا، لێهاتوو ئازاو چاو نەترسە.

**پێشمەرگە**؛ چرای رووناکی رێگای خەباتە، سۆمای چاوە، چاوگەی هیوایە، قەڵای ورەیە، باسکی بەهیزی گەلە، پارێزەری راستەقینەی کوردو کوردستانە.

رێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# دیکتاتۆرەکان سووکایەتی بەبیرو هەستی مرۆڤ دەکەن

مێـژووی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی گەواهـی دەدا کەدیکتاتۆرەکـان لەپێنـاو بەکـۆیلە کـردن وبـێ بە هـا نرخانـدنی مرۆڤـدا بە شـێوازوئامرازی جۆراوجـۆر ئـازادی و ویست وئیـرادەی تـاک وکۆمەڵگایـان "زنجیروکـۆت وبەنـد" کـردوە، مـافی سـەربەخۆیی لەبڕیاردان و ئازادی لەهەڵبژاردنی جۆری بڕیاردانی مرۆڤیـان پێشێلکردوە، گوشـاریان خسـتۆتە سـەرجیابیران و بیروبۆچوون ودەنگ ورەنگە جیاوازەکانیان بەرتەسک و پەراوێزو سەرکوتکردون.

ستەمکاران، لەپێوەندی ئاسایی ژیانی مرۆڤدا سەرەڕۆیی نهێنیی دەکەن، بەشێوەی جۆراوجـۆر هەوڵ دەدەن کە سـەرزیندوویی و وشیاری وئـازایەتی لەمرۆڤەکاندا بکوژن و زەین کوێرو کلۆڵ و کۆڵەواریان بکەن و وەک بـوونەوەرێکی دەسـتەمۆ و گـوێڕایەڵ و مۆرە و مورید کەڵکیان لێوەرگرن.

دیکتاتۆرەکـان، سـەلیقەو شـەوق و زەوق و دڵخۆشـی و بـزەو بەزەیـی مـرۆڤ نـاهێڵن، هێـزو وزە و تـاقەت و تواناولێهـاتویی خەڵک دەپرۆکێنن، هاوڵاتیان دەگەوجێنن و دەمیان پێدادەخەن و گوێیان کەڕدەکەن و چاویـان کوێر دەکەن، تـاک لەپەلوپـۆ دەخەن وئەگەرپێویستیانبێ ملی دەپەڕێنن.

دیکتاتۆرەکـان، هەردەم ڕاسـتییەکان دەشـێوێنن و چەواشـەیان دەکەن، هەق بەنـاهەق و نـاهەق بەهەق دەکەن، ڕەنـج و کـوێرەوەری و ئـازاری هەژاران چەواشـە دەکەن و بە پـێچەوانە نیشـانی دەدەن، ڕەفتـارو ئاکـارو خووخـدەی دزێـو و بێـزراوی خۆیان گریم دەکەن وبەشێوەیەکی دیکە نیشانی خەڵکی دەدەن.

دیکتاتۆرەکان، بازاری بێ دەنگی و چاونووقاندن و چاوپۆشی لەهەموو کردەوەیەکی نەشیاوو نامرۆڤانە گەرم دەکەن و بـرەوی پێـدەدەن، پەرە بەدەغەڵکـاری و درۆ و دزی و تەزویـر و سـاختەکاری و گەنـدەڵی دەدەن، سـەروەت و سـامانی گشـتیی تـاڵان دەکەن و سیمای جوانی سروشت تێکدەدەن.

ستەمکاران، لەنەزانی و ناوشیاری و دواکەوتوویی خەڵک کەڵکی خراپ وەردەگرن، بەپشت بەستن بەنەزانی و بـێ دەنگی و نەجوڵان و وەستانی هەژاران و بەش مەینەتان، تۆوی ستەم دەچێنن و زەبری ستەم دەوەشێنن.

هەربۆیە، بۆ ڕزگار بوون لەستەمی دیکتاتۆری، دەبێ مرۆڤەکان زانیاری و وشیاری پێویستیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ وپلان و پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دیکتاتۆرەکان هەبێ و شێلگیرانە لەدژی کولتوورو دەسەڵاتی دیکتاتۆری خەبات بکەن.

٢٤ی مای ٢٠٢٠

## ڕێبەری دێموکرات؛

ڕێبەر لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی تازە نیە، هەر لەوکاتەوە کۆمەڵگا پێکهاتووە هەتا ئێستا ڕێبەری جۆراجۆر هەبوون،هەر لە دێرزەمانەوە بارودۆخی سیاسیوئابووریو کۆمەڵایەتی لەسەر ئامانجو بڕیارو هەڵویستو ڕەوشتو ئاکاری ڕێبەرەکان کاریگەرو شوێندانەر بووە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێبەرکانیش لەسەر ژیانو چارەنووسی مرۆڤ و کۆمەڵگا باندۆری چاکو خراپیان داناوە.

گەورەیی ڕێبەر لە گەورەیی کردارو هەڵوێستو بڕیارەکانی دایە،ئەو هەڵوێستو بڕیارانەی کە لە دەستی هەموو کەس نایەن، ئەو هەڵوێستو بڕیارانەی کە دەبنە مایەی گۆڕانی ئەرێنیو بەکەڵکوگەورە، ئەوگۆڕانەی کە ڕەوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی وئابووری کۆمەڵگا بەئاقارێکی دروستدا دەبات.

**ڕێبەری دێموکرات؛** بوونو مانەوەی سێ دیاردەی"سروشت"، "ژیان" و "بوونەوەران" بەهەقو ڕەوا دەزانێو پێی وایە پێوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیەو لەسەر بوونومانو مەوجوودییەتی یەکتر باندۆری گرینگو چارەنووسسازیان هەیەو ئەو پێوەندییە بۆ درێژەدانو بەردەوام بوونی ژیان بە پێویستییەکی سەرەکی دەزانێ،

هەر بۆیە بە هەموو توانایەوە سروشتو ژیانی بوونەوەران دەپارێزێو بۆ پێشکەوتنو گەشەو درەوشانەوەیان دڵسۆزانەو بەرپرسانە تێدەکۆشێ.

**ڕێبەری دێموکرات؛** بیرو ئامانجی ستراتیژی هەیە کە لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیو دادپەروەری، مافی دیاریکردنیچارەنووسو بەرژەوەندیو ئاسایشی گەلو وڵاتداو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتو پێشکەوتوو مۆدێرن، ژیرانە خەبات دەکات.

**ڕێبەری دێموکرات؛** باوەڕی قووڵی بە پرەنسیپە بنەڕەتیو گشتییەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەیەو بۆ پاراستنو گەشەو درەوشانەوەیان تێدەکۆشێ.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەری دێموکرات؛** ئەو مرۆڤە ئازادیخوازەیە کە پێی وایە مرۆڤ و ئازادی دوو توخمی سەرەکی ژیانن کە لە نێوانیاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیەو لەو بڕوایە دایە کە ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە مرۆڤ و ڕێگا نادا کە مرۆڤ بکرێ بە مۆرە، هەروەها پێیوایە مرۆڤ فەرمانڕەوای رەهای جەستەو روحی خۆیەتی کە مافی ژیانو ئاسایشی خۆی هەیە، هەربۆیە لەو پێناوەدا بە شێوەیەکی مرۆڤانە خەبات دەکا.

**ڕێبەری دێموکرات؛** ئەو مرۆڤە مافخوازەیە کە بۆ خاشەبڕ کردنی هەرچەشنە ستەمێکی نەژادی، رەگەزی، ئایینی، چینایەتی، نەتەوایەتی، سیاسیو کۆمەڵایەتی خەبات دەکا، باوەڕی بە مافی یەکسانی ژنو پیاو هەیەو لەناو خێزانو کۆمەڵدا بە کردەوە بۆ سەلماندنو چەسپاندنی خەبات دەکات.

**ڕێبەری دێموکرات؛** ئەو تێکۆشەرە گۆڕانخوازو نوێخوازەیە کە باوەڕی بە هێزو دەسەڵاتو سەروەری گەل هەیە، کۆمەڵانی هەراوی خەڵک بە سەرچاوەو پشتیوانی لە بڕانەهاتووی شۆڕشو خەباتو بزووتنەوەی مافخوازانە دەزانێ، پێیوایە دەسەڵاتی هەڵسووڕێنەری وڵات دەبێ دێموکراتیکو دادپەروەر بێو مافو حورمەتی کۆمەڵانی خەڵکو هێزە سیاسییەکانو کەمینەو زۆرینە نەهادینە بکاو بیپارێزێ.

**ڕێبەری دێموکرات؛** باوەڕی بە بوونی جیاوازییەکان،گونجانو پێکەوە حاوانەوەی جیاوازییەکان، لێک تێگەیشتن، قبووڵ کردنو تەحەمول کردنی یەکتر، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونو دەسکەوتەکانی یەکتر، یارمەتیدان بە پشکوتنو هەڵدانو گەشەکردنی تواناو لێهاتوییەکانی یەکتر هەیەو لەو پێناوەدا خەبات دەکات.

**ڕێبەری دێموکرات؛** باوەڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی، جۆراجۆریو فرە چەشنی، یەکیەتی ئارەزومەندانەی هاوبەشی دەستووری، گرێدانی ئاشتیخوازانەی فرەنەتەوەیی، ئایینیو کولتووری، چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی پێکهاتەو کۆمەڵەجۆراجۆرەکان هەیەو خەباتی بۆ دەکا. هەروەها لەگەڵ رەوتی ئاشتیو دێموکراتیزاسیۆن لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەییدا بە کردەوە هەنگاو هەڵدەگرێ.

**ڕێبەری دێموکرات؛** شۆڕشگێڕێکی ڕچەشکێنە کە لە رەوتی بەڕێوەبردنو راپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵانی خەڵکدا، پێڕەوی لە یاسای دێموکراتیکو پەسند کراوی گەل دەکا، باوەڕی بە یاسا سەروەری هەیە، هەوڵ دەدا مرۆڤەکان لە بەرانبەر یاسادا یەکسان بن.

**ڕێبەری دێموکرات؛** لە باری بیرو باوەڕەرو کردەوەو ئاکارەوە دێموکراتەو سیمای دێموکراتی هەیە، خۆشناو و راستگۆو رەوشت بەرزە، دەستو زمانو داوێن پاکە، رووناکبیرو بیرکراوەو چاوکراوەیە، بۆ بردنە سەری زانیاری خۆیو کۆمەلانی خەڵک هەوڵ دەدا، لە ئاوەزی گشتی کەڵک وەردەگرێ، رێز بۆ ئیرادەی گشتیو بیروڕای جیاواز دادەنێ، باوەڕی بە ئازادی رادەربڕین هەیە، رەخنە دەگرێو رەخنە قبوول دەکا، هەست بە بەرپرسایەتی دەکا، راوێژ دەکاو تەکرەوی و سەرەڕۆیی ناکا، گیانی لێبوردنو هاوکاری هەیە، حەز لە بەڕێوەبەری جەمعی دەکا، بە نەزمو دیسیپلینو هەڵسوورو چالاکە، لەکارو ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لایەنگری لە شەفافییەتو ئەرکو مافو سەلاحییەتی روونو دیاریکراو دەکاو دژی گەندەڵییە.

**ڕێبەری دێموکرات؛** تێکۆشەرێکی باوەر بەخۆیە کە لە رەوتی پێوەندی وهاوکارییە جۆراوجۆرە سیاسیو نیشتیمانیو نەتەوەییەکاندا، لە "ئەسڵی سەربەخۆیی بڕیاردان لەسەر بناغەو بنچینەی بەرژەوەندی وڵاتو گەل" ئیلهام وەردەگرێو بە کردەوە پێڕەوی لێدەکات.

**ڕێبەری دێموکرات؛** خەباتگێڕێکی واقیعبینو ئاوەزگەرایە، بۆ بارودۆخی دیاریکراو لێکدانەوەی دیاریکراوی هەیە، سیاسەت بە هونەری مومکین دەزانێو خوێندنەوەی دروستی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانو رووداو و دیاردەو پێکهاتە جیاوازەکان هەیە. لە رەوتی خەباتو تێکۆشاندا لە هەموو شێوە رەواکانی خەبات وەک؛ خەباتی دیپلوماسی، خەباتی چاپەمەنیو رۆژنامەگەریو میدیاو راگەیاندن، خەباتی وتووێژو دیالوگی بنیاتنەر، خەباتی هەڵبژاردنو پارلمانی، خەباتی یاساییو دەستووری، خەباتی رێکخستنی جەماوەریو نافەرمانی مەدەنی، خەباتی تێکنولۆژیو پیشەسازی، بەرگری رەواو شەرافەتمەندانە، کەڵک وەردەگرێ.

سەرچاوە؛ گۆڤاری تیشک ژمارە ٢٤

٢٩ی جوولای ٢٠٢٠

## ڕێککەوتننامەی "سایکس پیکۆ" و پرسی کورد

ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لەڕێکەوتی لە ١٦ - ٥ - ١٩١٦ی زایینی(دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتوری عوسمانی) لە نێوان فەرانسە و بریتانیا ولەسەر ڕەزامەندی ئیمپراتوری روسیە مۆرکراوە، ئەو پەیمانە لەسەر بناخەی بەرژەوەندی فەرانسەو بریتانیا دارێژراوە، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە بەشێکی گرینگی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لەنێوان فەرانسە و بریتانیادا دابەشکراوە و نەخشەی سیاسی ناوچەکە گۆراوە و چەند دەوڵەتی تازە دروست کراون و چەند گەل و نەتەوە (وەک کورد) بێ ئەوەی پرسیان پێ بکرێ و بێ ڕەزامەندی خۆیان بەسەر دەوڵەتە دەستکردەکاندا دابەشکراون. لەڕاستیدا لە لایەن نەتەوە دابەشکراوەکان(وەک نەتەوەی کورد) دژایەتی ئەو پەیمانەکراوە بەلام لەبەرئەوە دژایەتیەکی ڕێکخراو گشتگیر وجیدی و بەردەوام نەبووە کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ نەبووە. لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا، ئەو دەوڵەتانەی کە لە سەر سەردەستی فەرانسە و بریتانیا لە ناوچەکەدا دروست کراون، بۆ بەردەوامی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە و ناڕەوا لە دژی جولانەوە و خەباتی ڕەواو بەرحەقی نەتەوە دابەشکراوەکان کەڵکیان وەرگرتووە بەلام نەیانتوانیوە ریشەکێشیان بکەن و لەنێویان بەرن. لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتە بریار بەدەستەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە هەموو شێوازێک بۆسەرکوتکردن و لەنێو بردنی بزووتنەوە و خەباتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هاوکاری دەولەتە دەسکرد و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەیان کردوە، هەربۆیە هەتا ئەم ساتەوەختە پەیمانی سایکس پیکۆ هەڵنەوەشاوەتەوە. لەم بارودۆخەدا، پێویستە نەتەوەی کورد لە سیاسەتی واقعبینانە و ڕێئالیستی پەیڕەوی بکات و بۆ هەلومەرجی دیاریکراو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دیاری کراوی هەبێ، خوێندنەوەی دروستی بۆبالانسی هێزوهاوکێشە سیاسییەکان وپێکهاتە و ڕووداوە جۆراوجۆرە ناوچەیی و جیهانییەکان هەبێ، بەگوێرەی هەلومەرجی گونجاو لە هەموو شێوەکانی خەبات و دەرفەتە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان کەڵک وەرگرێ، پێوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ و گەلانی ناوچە بەهێز بکات، دیپلۆماسی خۆی لەئاستی نێودەوڵەتی دا بەربلاو و بەهێزتر بکات، پێوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە بریار بەدەستەکانی جیهان پتەوتر بکات و پشتیوانی ئەوان بۆلای خۆی ڕاکێشێت. پێویستە نەتەوەی کورد لە پێناو بەرزو بەهێزتر کردنی وشیاری و ئیرادەی سیاسی یەکگرتوو و هەستی نیشتمانپەروەری و سەلماندن و چەسپاندنی شوناسی خۆی بە شێوازی گونجاو و شێلگیرانە خەبات بکات، کورد دەبێ هزرو زمان و بریارو گوتاری هاوبەش و یەکگرتووی سیاسی هەبێ. بەکورتی؛ پێویستە نەتەوەی کورد بەخەبات و تێکۆشانی چڕوپڕو بەردەوام و هەمەلایەنە"بوون "ی خۆی وەک هێزێکی گرینگ و کاریگەری ناچەکە بسەلمێنی و یەکگرتووانە و یەک دەنگ بۆ دابین ودەستەبەرکردنی مافەڕەواکانی خەبات بکات.

١٦ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## نێوەرۆک و سیمای دیکتاتۆر؛

بەچاوخشاندنێکی خێرا بە سەر مێژووی دوورو نیزیکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بۆمان دەردەکەوێ کە دیکتاتۆری مێژوویەکی ئاڵۆز و دوور و درێژی هەیەو، ڕەگاژۆی لە دیرۆکی دەسەڵاتی سیاسیدا کردوە، لە قۆناغە هاوچەرخەکانی مێژوودا تەمەنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان درێژخایەن بووەو سەدەی بیستەم لە هەر سەدەیەک زیاتر سەردەمی دیکتاتۆری ئایدیولۆژی چەپوراست، سوسیالیستی، ناسیۆنالیستی، سەربازی‌و دینی بووە.

مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گە واهی دەدا کە لە چاخە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا، بەشێکی سەرەکی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان لە سەر بناغەی ناوشیاری‌و نەزانی‌و دواکەوتویی کۆمەڵانی خەڵک فۆرمی گرتوە، لە هەر جێیەک کە مرۆڤەکان بە هۆی ناوشیاری، نەریت، ترس، تەماح‌و ساویلکەیی ملیان بۆ زوڵم‌و ستەم ڕاکێشابێ، دیکتاتۆری سەری هەڵداوەو نەشو نەمای کردوەو پەل‌وپۆی هاویشتووە.

بە لە بەر چاو گرتنی شێوازی جۆراوجۆرو ئاڵۆزی دیکتاتۆری، ئاسان نیە کە لەمەڕ ئەم دیاردەیە پێناسەیەکی گشتی بخەینە ڕوو، گەوهەری دەسەڵاتی دیکتاتۆری حوکمی تاکە کەسییە، دیکتاتۆر کەسێکە کە هەوڵ دەدا ئیرادەی کەسانی دیکە بێنێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای خۆی‌و بیرو بۆچوون‌و بڕیاری شەخسی خۆی بە سەر ئەوانیدی دا بسەپێنێ. دیکتاتۆری، واتە زاڵبوونی ڕەهاو بێ سنووری تاک، تاقم یان گروپێکی بچووک بە سەر دەزگاکانی دەسەڵاتدا. بە مانایەکی دیکە، دیکتاتۆری واتە کۆکردنەوەی حەڵقە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە دەستی تاکە کەسێک یان گروپێکی بچووک و داخراودا. بە پێناسەیەکی ڕوونترو تەواوتر دیکتاتۆری، واتە حکومەتی کەسێک یان تاقمێک کە دەست بە سەر دەسەڵاتدا دەگرن‌و پاوانی دەکەن‌و لە بە کارهێنانی ئەو دەسەڵاتەدا هیچ لەمپەرو سنوورێک ناناسن.

دیارە هەر دەسەڵات‌و حکومەتێک کە جۆرێک یا چەند جۆر هەڵاواردنی تێدا بێ، شێوەیەکە لە دیکتاتۆری، بەڵام دیکتاتۆرییەکان بە گوێرەی جیاوازی هەلومەرجی مێژوویی‌و جوغرافیایی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کە بۆتە هۆی سەرهەڵدان‌و پەرەگرتنیان پێکەوە جیاوازییان هەیە،ناکرێ فاشیزمی مووسولینی‌ونازیسمی هیتلێری دەگەڵ کۆمۆنیزمی ستالینی‌و مائویی یا ڕێژیمی بەعسی سەدام دەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە تەواوی وەک یەک چاولێ بکەین، بەڵام خاڵی سەرەکی‌و هاوبەشی هەموویان ستەم‌و سەرەڕۆیی‌و کۆکردنەوەو پاوانکردنی دەسەڵاتە.

لە سەردەمی ئێستاشدا دیکتاتۆری بە شێوازی، تاکەکەسی یا چەند کەسی، برۆکراتیک یا کاریزماتیک، شۆرشگێری یا کۆنەپارێزی، سەربازی یا جڤاکی، نەریتخواز یا مودێرنیزم، توتالیتێر یا ئاسایی، بەردەوامەو درێژەی هەیە. "هانا ئارێنت" لە سەر جیاوازی سەرەکی دیکتاتۆری توتالیتێرو دیکتاتۆرییە ئاساییەکان دەنووسێ" توتالیتاریزم تەنها بەگژ دوژمنەکانیدا ناچێتەوە بەڵکو بەگژ هاوڕێو لایەنگرانی خۆشیدا دەچێتەوە."

تەوەرێکی سەرەکی کە هەموو سیستمە دیکتاتۆرییەکان لە دەوری دەخولێنەوە، جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێ کردنو دادوەرییەو کۆکردنەوەیانە لە دەستی دیکتاتۆر دا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان رێدەگرێ لە کۆبوونەوەیان لە دەستی کەسێک یا تاقمێکی بچووکداو هەروەها رێگرە لە دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی ناروونو رەهاو بێ سنووری دیکتاتۆر.
لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، دزینی مڵکو سامانی گشتیو بەتاڵان بردنی سامانە پر بەهاو بەنرخەکانی سەرچاوە سروشتیو کانگا ژێرزەوییەکان شتێکی ئاساییەو، دیاردەی گەندەڵیو مشەخۆریو ناپاکیو فەسادی بنەماڵەییو خزمخزمێنەو بەرتیلوبەرتیلخۆریو مەراییو چاودەبە ریو بێ دەنگیو کەرامەت فرۆشی دەبێتە بە شێرپەنجەی ویژدانی مرۆڤە کانی کۆمەڵگا. مەیلی گەندەڵی لە سروشتی دەسەڵات دایە، دەسەڵاتی رەها گەندەڵی بێ سنوور لەگەل خۆی دێنێ، دەسەڵاتی دیکتاتۆر، ئیدارەی گەندەڵو تەنانەت مێژووی چەواشەو گەندەڵیش بەرهەم دێنێ، بوونی میکانیزمی چاودێری کردنی یاساییو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو ترسی لێپرسینەوە وادەکا کە دەسەڵات لە سنوورێکی دیاریکراودا هەڵسوکەوت بکاو بەم جۆرە تا رادەیەکی بەرچاویش رێگە لە گەندەڵی دەگیرێ

دیکتاتۆری لە رێگای ئامرازی یاسایی یا نایاساییەوە، دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێ، نێوەرۆکی یاسای سیستمی دیکتاتۆری پرە لە تەڵەی ترسناک بۆ پاراستنی دیکتاتۆرو دەستوپێوەندەکانی و بەشێوەیەک دادەرێژرێ کە دیکتاتۆر بەسانایی دەتوانێ مەرجو بەندەکانی لاواز بکا، چونکە خۆی لە سەرەوەی یاسا دادەنێو هەرکات بە پێویست بزانێ یاسا پێشێل دەکا.

دیکتاتۆر بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیو خودییەکانی، چەمکەکانی ئاسایش، ئاشتی، دێموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتیو کولتوری چەواشە دەکا و بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیو داپۆشینی سیمای دزێو و دژی دێموکراتی خۆی، جاروبار ئیزنی هەڵبژاردنو راپرسی ساختەییو کارتۆنیو تەزویر دەدا، بەڵام بە کردەوە هەلو دەرفەتی ئەوتۆ بە خەڵک نادا کە لە رێگای یاساییو ئاشتیخوازانەو دێموکراسییەکی راستەقینە دەسەڵات دەستاو دەست بکاو تەنیا بۆ بەدەست هێنانی رەوایی خۆی بە شێوەی فریودەرانەو دەغەڵکارانە لە جلو بەرگی دێموکراسی کەڵک وەردەگرێو گاڵتە بەهەستو سۆزی هاووڵاتیان دەکاو بە شانۆگەری هەڵبژاردن، دێموکراسی چەواشەو خەوشدار دەکا.

دیکتاتۆر هەمیشە شانازی بەرابردووی خۆیو بنەماڵەکەی دەکاو هەردەم خۆی وەک کەسێکی هەڵکەوتوو و بەتواناو چالاک و پڕ وزەو تەندروست دەردەخاو هەوڵ دەدا سیمایەکی یەزدانیو هەمیشەییو ئەبەدی بۆ خۆیو بنەماڵەکەی دروست بکاو بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو کولتورو دابو نەریتە پەرەپێدەدا کە دیکتاتۆر دەپارێزێو پێویستی بە کەسانێکە کە سیاسەتو کولتوری دیکتاتۆر پەرەستی بەرهەم بێننو بڵاو بکەنەوە.

دیکتاتۆر وەک کۆیلە حیساب بۆ مرۆڤ دەکاو هەر بۆیە مافی مرۆڤ بێ بەها دەنرخێنێو پێشێلی دەکا، ئازادیو مافە مەدەنییەکانی هاوولاتیان پاوانو بەرتەسک دەکاتەوە، سانسۆری بیروڕای خەڵک دەکا، چاپەمەنیو میدیاو ڕاگەیەنە گشتییەکان پاوان دەکا، گروپو ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان سەرکوت دەکاو هەڵیاندەوەشێنێتەوە، حوکمی پۆلیسی بەسەر بەهاکانی گەلدا دەسەپێنێ، پڕۆپاگاندەی چەواشە کارانە دەکاو ڕاستییەکانو ڕووداوەکان بە پێچەوانە نیشان دەداو زانیاری جۆراوجۆر لە خەڵک دەشارێتەوە، تۆوی ترسو دڵەڕاوکێو بێ متمانەیی لە ناو خەڵکدا دەچێنێو مرۆڤەکان لە دژی یەکدی هاندەدا، لە شێوازی زۆرەملێو تۆقاندنو تیرۆر لە دژی خەڵک کەڵک وەردەگرێ، بۆ پاوان کردنی دەسەلات سەرەرۆیانە لە ئامرازی حکومەت کەڵک وەردەگرێ، هەر کات بە پێویست بزانێ بۆ سەرکوتی جیابیرانو دژبەرانو بەگشتی کۆمەڵانی خەڵک هێزە نیزامییەکان دێنێتە سەر شەقامەکان، دیکتاتۆر حیزبی یەک دەست دروست دەکاو لە ناو حیزبەکەشی دا دەزگای جاسوسیو نهێنی پێک دێنێ و لە ڕێگای ئەو دەزگایەوە رایەڵکەی جاسوسیو پۆلیسیو نهێنی لە نێو حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەو کۆمەڵانی خەڵکدا دروست دەکا، لە بەر ئەوە کە باوەڕی بە خەڵک نیە، دوژمن و نەیارەکانی وەک دوژمنی نەگۆڕ و ڕەها لە قەڵەم دەدا، بە شێوازی جۆراوجۆر دەست لە تەواوی کاروباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، بنەماڵەییو فەرهەنگیو دادوەری خەڵک وەردەداو سەرەڕۆیانە کۆنترۆڵو چاودێری کۆمەڵگا دەکا.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## شانۆگەریی هەڵبژاردن لەڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا

ڕێژیمی ئێران لەمانگی جۆزەردانی ساڵی١٤٠٠هەتاوی، سێزدەهەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شەشەمین دەورەی هەڵبژاردنی شورای ئیسلامی شاروگوندەکان بەڕێوە دەبات.

ڕێژیمی ئێران بەمەبەستی داپۆشینی سیمای دزێو و دژی ئینسانی خۆی وبەردەوامی حاکمییەتەکەی، جاروبار جلوبەرگی بەرواڵەت دیموکراسی لەبەر دەکات و هەڵبژاردنی ساختەی و کارتۆنی بەڕێوە دەبات وکایە بە هەست و سۆزی خەڵک دەکات، بەڵام دەرفەت بەخەڵک نادات کە لەرێگەی هەڵبژادنی ئازاد ودیموکراتیک و بێ توندوتیژی هەم لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەستیان هەبێ و هەم ئەو ئاڵوگۆرە کە دیانهەوێت بەدی بێنن. ئەو ڕێژیمە لە ڕێگەی چەواشەکاری و خەڵک خەڵەتاندن حاکمییەتی بەدەستەوە گرتووەو بەشێوەی ناڕەوا پاراستویەتی، بەتێرۆرو زەبروزەنگ و سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندان و سێدارە بەسەرگەلانی ئێرانیدا سەپاندوە.

ئازادی پێشمەرجی مانا پەیدا کردنی هەڵبژاردنە، ئەگەر هەڵبژاردن بریتی بێت لە دەرخستنی ئیرادەی مرۆڤ سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو، ئەوە بەبێ هەبوونی ئازادی ئەو هەڵبژاردنە مانای نابێت، چونکە ئیرادەی راستەقینەی مرۆڤ لەئازادی و ئازادبوونی ئەو مرۆڤەدا دەردەکەوێ و دەتوانێ خۆی نیشان بدات. لەولاتی ئێراندا کە وەک زیندانێکی گەورەیە و ئازادی تێدانیە، ئەگەردەنگدان شتێکی بگۆڕیبایە، ڕێژیمی ئیسلامی رێگەی بە خەڵک نەدەدا کەدەنگ بدن.

یاسای بنەڕەتی ئێران لەسەربناخەی بەرژەوەندی ناسیونالیزمی مەزنیخوازی فارس دانراوە و بە گوێرەی بەهاوبایخەکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی دارێژراوەو رەنگرێژ کراوە، ڕێژیمی ئێران بەگوێرەی ئەویاسایە پلان و پیلانەکانی جێبەجێ دەکات. لەماوەی حاکمییەتی ئەو ڕێژیمەو لەڕەوتی بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، زۆربەی ئەوکەسانەی کە بوون بە ئەندام پارلمان و سەرۆک کۆمار وبەپرسانی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات، لە نەتەوەی فارس و پیرەوانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی و لایەنگری ویلایەتی فە قیهی بوون، نەتەوەبندەستەکان و پیڕەوانی کەمینە ئاینییەکان پەراوێز خراون و لەسەروەری و دەسەڵاتی ولات بێبەش کراون.

لەبارودۆخی ئێستادا، نێورۆکی تیروریستی ودژی ئینسانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بۆخەڵکی کوردستان، ئێران و جیهان

باشتر دەرکەوتووە، هەربویە کەوتۆتە ژێرگەمارۆ وگوشاری کاریگەری نێودەوڵەتی(بەتایبەتی ئامریکا)، لەلایەکی دیکەوە قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نیزامی تەنگی بەرێژیم هەڵچنیوە، بەڕێوەبەرانی دەوڵەت توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نیە، لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەوایی و مەشروعیەتی ڕێژیم لەژێرپرسیاردایە.

لە هەموو بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا، بەربژێرەکان بۆسەرۆک کۆماری لەڕێگەی پاڵوێنەی دەزگائەمنیەتی و ئێتلاعاتی و ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم پاڵێوراون ودوایی ئەوەش ئەگەر لەلایەن ڕێبەر پەسند نەکرابن نەیانتوانیوە خۆیان کاندید بکەن. دیارە کاندیداتۆری بۆ ئەندامەتی شوراکانیش دەبێ لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعات ونوێنەری شورای نیگابان لەشارستانەکان پەسندبکرێ و هەربەربژێرێک کەمترین گومانی سیاسی لەسەربێت تەئید ناکرێ، ئەو بەربژێرانەش کە لە پاڵوێنەی دەزگا ئەمنیەتییەکان تێپەردەبن دەرەتانێکی ئەوتۆیان پێنادرێ کە کارێک بەقازانجی خەڵک ئەنجام بدەن.

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژەی ئەو خەڵکەی کە هێشتامتمانەیان بەڕێژیم ماوەلە خوارترین ئاستی خۆیدایە، بەلام ڕێژیم بەپلان و پیلانی ڕەنگاوڕەنگ و لەڕێگای شانۆگەریی بەناو هەڵبژاردنەوە دەیهەوێ زۆرترین خەڵک ڕابکێشێتە سەرسندووقەکانی دەنگدان و بەخەڵکی ناوخۆ و کۆمەڵگای جیهانی نیشان بدات کە ئێعتبارو ڕەوایی سەقامگیرە. هیوادارم خەڵکی مافخوازو ئازادیخوازی ئێران و کوردستان، بەشداری لەشانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا نەکەن و دەنگ نەدەن بەدوژمنی ماف و ئازادییە کانیان و بەبایکۆتی چالاک و بەچۆل ڕاگرتنی سەرسندووقەکانی دەنگدان بەهەموولایەک و بەجیهان نیشان بدەن کە ئەورێژیمە "ئێعتبار و ڕەوایی"لە نێو خەڵکی ئێران و کوردستان دانەماوە و دەبێ بخرێتە زبڵدانی مێژوو.

٢٦ی مای ٢٠٢١

---

# ئێران. وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە

ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە و خاکێکی ڕووبەر فراوانی هەیە، پێکهاتەی ئێران لەڕووی نەتەوایەتی، ئیتنیکی، زمانی، ئاایینی و کولتوورییەوە فرەچەشنە؛ واتەنەتەوەکانی فارس، تورکی ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و کەمایەتییەکانی ئەرمەنی، ئاسۆری و ژمارەیەک زمان وزاراوەی ناوچەیی وەک لوڕی، گیلەکی، مازەنی، قەشقایی، ئەفشاری و پێڕەوانی ئاایینی جیاواز وەک؛ مەسیحی، یەهوودی، بەهایی، ئیزیدی، زەردەشتی ئیسلامی (شیعە وسوننە) لە ئێراندا دەژین. لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی دیمۆگرافیی نەتەوایەتی ئێران، دەگەینە ئەو راستییە کە شەش نەتەوەی جیاواز لە ئێراندا دەژین و هیچ نەتەوەیەک بە تەنیا ناتوانێ ئیدیعا بکا کە لەئێراندا زۆرینەیە، هەر نەتەوەیەک تەنیا لە سەر زەوی باب و باپیرانی و لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا زۆرینەیە، تەنانەت نەتەوەی فارسیش لە بەرابەر کۆی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا زۆرینەی رەهای نیە، هەرنەتەوەیەکیش پرسی نەتەوایەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەتەوەکانی ئێران هەزاران ساڵە نیشتەجێی خاکی خۆیانن، شوناسی کولتووری و نەتەوایەتی دەوڵەمەندو ویژدانی بە کۆمەڵی مێژوویی دوور و درێژیان هەیە و خاوەنی راستەقینەی وڵاتی خۆیانن، بەڵام بە پێی یاساکانی (رابردوو وئێستای) دەسەڵاتدارانی شوڤینیستی ئێرانی، نەتەوەکانی غەیرەفارس (وەک نەتەوە) بەفەرمیی نەناسراون وخاوەنی هیچ ماف و ئیمتیازێکی نەتەوایەتی نین.

مێژووی هاوچەرخی ئێران گەواهی دەدا،کە لەکۆمەڵگای ئاڵۆزو فرەچەشنی ئێراندا،پرسی نەتەوە ستەملێکراوەکان بە دەوڵەتێکی تاک پێکهاتە ویەکدەست چارەسەرناکرێ،

چونکە سروشتی پێکهاتەی دەوڵەت - نەتەوەی نێوەندگەرا بەرهەمهێنەری توتالیتاریزمە کە ناتەبایی بنچینەیی لەگەڵ فرەچەشنی ومافی پێکهاتەجۆراوجۆرەکان دا هەیە.

دیارە نەتەوەوپێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران ئەمڕۆکە زیاتر لە رابردوو وشیاریی سیاسی وهەستی نەتەوایەتیان بەرز بۆتەوە و بەتاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە کە پرسی ئایین و ئاایینزا کێشەی سەرەکیی گەلانی ئێران نیە، بەڵکوو ئەوە پرسی نەتەوایەتییە کە بڕبڕەی پشتی کێشەی پێکەوە ژیانی وڵاتی ئێرانە و هەتا ئەو پرسە بە شێوەی دادپەروەرانەو دیمۆکراتی و فیدراڵی چارەسەرنەکرێ ئەو وڵاتە ڕووی ئاشتی وئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێ.

٤ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# فیدرالیزم، گونجاوترین سیستم بۆ ئێرانی داهاتوو

لەماوەی حاکمییەتی ڕێژیمی پەهلەوی وڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا، دووسیستمی نیوەندگەرا ودیکتاتۆر بەسەر وڵاتی ئێراندا زاڵبوون وبۆ سەپاندن وجێگیر کردنی ناسیونالیزمی مەزنیخوازی فارس وحاشا کردن لە"بوون وماف"ی نەتەوە کانی دیکەی ئێران بە شێوەی سیستماتیک وبە پرۆژەوپلان وپیلانی ڕەنگاو ڕەنگ بەردەوام وبێ پسانەوە کاریان کردوە، لەڕاستیدا لەزۆربەی نزیک بەتەواوی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا جومگەکانی دەسەڵات وئیمکانات وسەروەت و سامانی وڵات لە دەستی نەتەوەی فارسدا پاوان و قۆرخ کراون ونەتەوەی باڵا دەست بە شێوەی جۆراوجۆر نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانی چەوساندونەتەوە.

ئەو دوو ڕێژیمە لە ڕێگەی ساختەکاری و چەواشەکاری و خەڵک خەڵەتاندن حاکمییەتیان بە دەستەوە گرتووەو بە شێوەی ناڕەوا پاراستوویانە،بە تیرۆر وزەبروزەنگ و سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندان وسێدارە بەسەر خەڵکیاندا سەپاندوە،لە دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی حاکمییەتی نەتەوەی ئێران(نەتەوەی فارس) و بێبەشکردن و پەراوێزخستنی نەتەوەستەملێکراوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی ناڕەوایان وەرگرتووە.

ئەزموونی حاکمییەتی ئەو دوو ڕێژیمە دەریخستووە کەلە پێکهاتەی ئاڵۆزوفرەچەشنی ئێراندا کێشە و پرسە گرینگەکانی نەتەوەکانی ئێران بەدەوڵەتێکی تاک پێکهاتەو یەکدەست چارەسەرناکرێن،چونکە سروشتی پێکهاتەی دەوڵەت-نەتەوەی نێوەندگەرا بەرهەمهێنەری توتالیتاریزمە کە ناتەبایی بنچینەیی لەگەڵ فرەچەشنی ومافی پێکهاتەو کەمینە جیاوازەکانداهەیە.

ئەوە ڕاستە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا دیموکراسی یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی هەرکۆمەڵگایەکە،بەڵام چاوەڕوانییەکی لەڕادەبەدەرە ئەگەر پێمان وابێ کەلە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوە (وەک ئێران)دا دیموکراسی بەتەنیا هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات.

دیمۆکراسی وفیدرالیزم دوو شێوەبەڕێوەبەری لێکدابڕاو نین وپیوەندیی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە،دیمۆکراسی هەوێنی سەرەکیی وگرینگترین ریسای دامەزرانی سیستمی فیدرالیە،لە راستیدا فیدرالیزم لەسەرەتاوە بەدیموکراسی دەست پێدەکات

وخۆ دەگرێ و بەرەبەرەسەقامگیر دەبێ.

فیدرالزم هەروەک بۆ هەموو ولاتانی فرەچەشن وفرەنەتەوە سیستمێکی شیاوە،بۆچارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتی و تاکەکەسییەکانی ولاتی ئێرانیش گونجاوترین سیستمە و دەتوانێ باشترین جۆری دێموکراسی کە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندی وپێویستییەکانی ئەو ولاتەدا بگونجێ وەدی بێنێ.

لە ئێرانی دوای رووخانی رێژیمی ئیسلامیدا،بۆ ئەوەی ماف وئازادیی نەتەوەو کەمینەو پێکهاتە جیاوازەکان دابین ودەستەبەربکرێ و دێمۆکراسی وفیدرالیزم بۆ هەرنەتەوەیەک بەکەڵک وپربەرهەم بێ وپرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن و پێشکەوتن وگەشەکردنی کۆمەڵگا رەوتی سروشتیی خۆی بپێوێ وئاشتی وئاسایش وئاسوودەیی لەولاتدا سەقامگیرو بەردەوام بێ،

**پێویستە ولاتی ئێران بە سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لەسەربناخەی نەتەوەیی - جوغرافیایی بەرێوە بچێ، چوونکە:**

١- ئەم شێوە بەرێوەبەرییە، سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، فیدرال وسیکۆلارە.

٢- لەم سیستمەدا، فیدراڵیزم ودێموکراسی تەواوکەری یەکترن، واتە بنەمای فێدراڵزم، دێموکراسی(توافقی)یە و بەبێ دێموکراسی هیچ رێککەوتنێک سەرناگرێ، هەربۆیە پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان بەرێککەوتن بریاریان لەسەردەدرێ و چارەسەردەکرێن.

٣- حکوومەتی فێدڕاڵ(ناوەند) لە نەتەوەکان و پێکهاتەکانی دیکە پێکدێ، هەرنەتەوەیەک بەگوێرەی قەوارە و حەشیمەتی خۆی لە "دەسەلات وسەروەری"حکومەتی فێدڕاڵدا هاوبەش و بەشداردەبێ، پێوەندی نێوان حکوومەتی فێدرال(ناوەند) وهەرێمەکان بەشێوەیەک دادەرێژرێ و رێکدەخرێ کە رێز لەسەربەخۆیی یەکتربگرن وله بەرامبەرمافەکانی یەکتردا وەلامدەر و بەرپرسیاربن.

٤- لەو سیستمەدا، بەپێی رێککەوتنی هاوبەشی دەستووری، سەروەری بە شێوەی ستوونی لە نێوان حکوومەتی ناوەندی (فێدراڵ) و هەرێمەکان دابەش دەکرێ و لەهەر دووئاستی حکوومەتیدا دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و

دادوەری بەشێوەی ئاسۆی لێک جیا دەکرێنەوە.

٥- قەوارەی هەرێمەکان لەسەربناخەی نەتەوەیی - جوگرافیایی دیاری دەکرێن، هەر نەتەوەیەک کە لە چوارچێوەی جوگرافیای خۆیدا زۆرینە بێ، خاوەنی هەرێمی سیاسی، دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەری و دروشم و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی خۆی دەبێ، بوودجە و سیستمی وەرگرتن و خەرجکردنی تایبەت بەخۆی دەبێ، زمانی هەر نەتەوەیەک بەفەرمی دەناسرێ.

٦- ئەم سیستمە، بۆ بەڕێوەبردنی دەڤەرە فرەنەتەوەییەکان و هەروەها بۆدەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا ڕێکارو میکانیزمی گونجاوی هەیە.

٧- ئەم سیستمە، هاوسەنگییەکی ئەوتۆ لەنێوان نەتەوە و کەمینە و پێکهاتەکاندا پێک دێنێ کە نەتەوەی زۆرینە نەتوانێ حاشا لە شوناس و کیانی نەتەوەکانی دیکە بکات و ڕێگە نادا پێکهاتەی یەک یا دوو نەتەوەی زۆرینە ببێتە هۆی دواکەوتوویی و لە پەراوێزدا مانەوەی نەتەوکانی دیکە.

٨- ئەم سیستمە، بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی زۆرینە، ڕێگە لە دیکتاتۆریی زۆرینە دەگرێ و پرسی نەتەوایەتی لە گوتاری ئاڵۆز و پرکێشەی "کەمایەتی - زۆرایەتی"ڕزگاردەکات و بەم چەشنە بە دێموکراتیک و فێدراڵیزەکردنی کۆمەڵگا، مافە نەتەوایەتی و تاکە کەسییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران دابین و دەستەبەر دەکات.

٨ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## جیاوازییەکانی نێوان فیدرالیزم و خودموختاری

١- لەسیستمی فیدرالیدا، بەپێی ڕێککەوتنی هاوبەشی دەستووری، حکومەتی ناوەندی لە نەتەوەکان و پێکهاتەکانی دیکە پێک دێت،

دەسەڵات و سەروەری بە شێوەی ستوونی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکان دابەش دەکرێ و لەهەر دووئاستی حکومەتیدا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بەشێوەی ئاسۆی لێک جیا دەکرێنەوە، بەڵام لە ناوچە خودموختارەکاندا لەم یاسا و ڕێسایانە کەڵک وەرناگیرێ (ئەگەر بەشێکی کەم لەم ڕێساو ڕێکارانە لە ناوچە خودموختارەکانی هێندێک وڵاتی دیمۆکراتیکدا لە شێوەی کەمڕەنگدا هەبن،وەک سیستمی فیدراڵی بەڕێوە ناچن).

٢- لەسیستمی فیدرالیدا، هەرێمە پێکێنەرەکان خاوەنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن ودادوەری تایبەت بە خۆیانن، بەڵام لە خودموختاریدا ناوچە خودموختارەکان زیاتر تەنیا لە ڕووی جێبەجێکارییەوە خودموختارن، خودموختاری ناوچەکانی ئیسپانیا بەناوبانگترین خودموختارییەکانی جیهانن، بەڵام تەنانەت ئەوانیش لەرووی یاسادانان و قەزاییەوە سەربەخۆ نین.

٣- لە سیستمی فیدرالیدا، حکومەتی ناوەندیی بەشێوەی یەک لایەنە ناتوانێ دەسەڵاتی هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کەم یان زیاد بکات یان هەرێمەکان هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە فیدرالیزم لەسەر بنەمای ڕەزامەندی لایەنە پێکهێنەرەکان - حکوومەتی ناوەندی لەلایەک و هەرێمەکان لە لایەک - پێک دێت و هەر گۆڕانکارییەک لە ڕادەی دەسەڵاتی هەرێمەکانو بە پێچەوانەوە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە پێویستی بە ڕەزامەندی هەرێمەکان هەیە، بەڵام لە خودموختارییەکاندا - هەڵبەت نەک لە هەموویاندا - بەو جۆرە نییە و حکومەتی ناوەندیی دەتوانێ ناوچە خودموختارەکان لەبەریەک هەڵبوەشێنێ، لە ڕادەی دەسەڵاتەکەیان کەم یان زیاد بکات، چونکە لە خودموختارییەکاندا سەروەری دابەش ناکرێ بەڵکوو دەسەڵاتەکان (ئەویش دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەشێوەیەکی کەمڕەنگ)دابەش دەکرێ، بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتی ئاستی ناوەند هەندێ لە دەسەڵاتو سەلاحییەتەکانی خۆی بە ناوچە خودموختارەکان دەبەخشێت، بۆ نموونە لە بریتانیا کە وڵاتێکی دیموکراتیکە لە ساڵی ١٩٦٣ زایینیدا خودموختارییەکی ناوچەییان دایە بە "لەندەنو دەوروبەری" بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە کاتی حکومەتی "مارگریت تاچەر" کە حکومەتێکی ڕاستڕەو بوو بڕیاری ئەوەیان دا ئەو حکومەتە



سەرچاوە Serchawe

ناوچەییە هەڵوەشێنرێتەوە، بۆ تۆانیان ئەو کارە بکەن؟ لەبەرئەوە ئەو خودموختارییەی کە درابوو بەو ناوچەییە وەک "اختیارات" درابوو هەربۆیە دەوڵەت توانی یەک لایەنە بیستێنێتەوە.

٤- لە سیستمی فێدراڵیدا، رادەی چاودێری حکومەتی ناوەندی لەسەر هەرێمەکان"کەمترە"بەڵام لە خودموختارییەکاندا ئەم چاودێرییە "زیاترە"، تەنانەت لە خودموختارییەکاندا((دەسەڵاتی ناوەندی توانای هەیە هێندێک لە ئەندامانی دەزگاکانی ناوچەی خودموختار دابمەزرێنێ و بۆ دڵنیا بوون لە هاوتەریبی کاروچالاکی هەردوو ئاستی دەسەڵات نوێنەری تایبەت بنێرێ بۆئەو ناوچانە))، هەروەها لە هێندێک وڵات (وەک؛ ئیتالیا)حکومەتی ناوەندی مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە خودموختارەکانی هەیە.

٥- لەڕووی یاساییەوە لە وڵاتانی فێدراڵدا، هەرێمەکان دەتوانن ئەگەر یاسایەک لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو بلوکی بکەن تا ئەوەیکە بەرژەوەندی ئەوانیش دابین دەبێ، ئەوەش لە رووی سیستمی دوو پارلەمانییەوە دەبێت، بەڵام لە خودموختاریدا ئەوە نامومکینە یا کەمتر مومکینە.

١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## تایبەتمەندییەکانی کۆنفیدراسیۆن (پەیمانی کۆنفیدڕاڵی)

کۆنفیدراسیۆن: دوو یان چەند دەوڵەت، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو (کاروباری دەرەوە، بەرگری یان ئابووری) پەیمانێکی نێودەوڵەتی پێک دێنن کە ئەو پەیمانە دەبێتە هۆی دروست بوونی نیهادێکی بەڕێوەبەری هاوبەش کە پێی دەگوترێ کۆنفیدراسیۆن.

**تایبەتمەندییەکانی کۆنفیدراسیۆن:**

١- دەوڵەتانی ئەندام لەکۆنفیدراسیۆن دا، بە شێوەی یەکسانو "وەک یەک" نوێنەریان لەو پەیمانەدا هەیە.

٢- لەو پەیمانەدا، بڕیارەکان بە کۆی دەنگی دەوڵەتانی ئەندام دەدرێن.

٣- دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیمانەدا، مافی جیابوونەوەیان پارێزراوە.

٤- دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیماندا، "شوناسی یاسایی سەربەخۆی خۆیان" دەپارێزن.

٥- دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیماندا، مافی ڤیتۆیان هەیە،

٦- دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیماندا، دەسەڵاتو سەلاحییەتی وەک یەکیان هەیە.

٧- کۆنفیدراسیۆن لە "ئاستی نێونەتەوەیی دا" خاوەنی "کەسایەتی یاسایی" نییە،

٨-کۆنفیدراسیۆن پێگەی "هەڵبژاردنی سەربەخۆی" نییە،

٩- کۆنفیدراسیۆن پێگەی "سەربەخۆی دارای" نییە،

١٠- لەکۆنفیدراسیۆن دا، "تەنیا دەوڵەتانی ئەندام پابەندن" بە بڕیاراتی پەیمانەکە نەک هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام.

١١- کۆنفیدراسیۆن تەنیا ئەوبەشە لە دەسەڵات پراکتیزەدەکات کەدەوڵەتانی ئەندام پێیان بەخشیوە.

١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کورتە زانیارییەک سەبارەت بە خودموختاری

- **خودموختاری:** خودموختاری بە مانای پێدانی دەسەڵات لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بە یەک یان چەند هەرێمی دیاریکراو دێت، کە زیاتریش بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەمە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی وڵاتدا بەکاردێت.

- **خودموختاری بۆسەر دوو بواری یاسایی تەواو لێک جیاواز دابەش دەبێ:**

**یەکەم؛** خودموختاری لە ژێر یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، کە تایبەت بوو بە وڵاتانی کۆلۆنی (مستعمرە) کراو، ئەمەش لە ڕێگەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان یان پەیماننامە دوو قۆڵییەکان دامەزراوە (وەک فەلەستین)، ئەم شێوازە ئێستا لە دنیا ئیدی باوی نەماوە، زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی ئەم جۆرە خودموختارییە بوون ئێستا سەربەخۆیی خۆیان هەیە وەک زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی کە کۆلۆنی وڵاتانی ئورووپایی بوون.

**دووهەم؛** خودموختاری لە ژێرسێبەری یاسای نێوخۆیی دا، بە پێی پێناسەیەک کە دوکتۆر"هەمەوەندی" لە خودموختاری کردووە بریتییە لە: ((خودموختاری سیستمێکی لامەرکەزییە و لەسەر بنەڕەتی دانان بە سەربەخۆیی هەرێمێکی جیاواز لە ڕووی نەتەوەیی و ڕەگەزییەوە دادەمەزرێ لە نێوخۆی دەوڵەتێکدا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لە ژێرچاوەدێری و سەرپەرستی دەسەڵاتی ناوەندی دا)).

- **خودموختاری** کاتێک دێتە گۆڕێ کە بەگشتی ئەو کۆمەڵە (گەلێک کە داوای خودموختاری دەکا) نەیهەوێ(لەو وڵاتەی تێیدا دەژی) جودا بێتەوە، یان واز لە سەربەخۆیی بێنی، نەشیهەوێ یان بارودۆخی وڵات بۆ فێدراڵی لەبار نەبێ.

- **خودموختاری فەرهەنگی:** سیستمی پاراستنی ماف و ئازادییە فەرهەنگییەکانی ئەندامانی کەمینەیەکە کە بناخەیەکی ناوچەیی و سەرزەمینی نییە و تاکەکەسەکان لە هەرجێیەکی وڵات نیشتەجێ بن دەتوانن لەو مافە تایبەتییانەیان کەڵک وەرگرن.بۆ ئەو وڵاتانە بە سەلاح دەزانرێ کە کەمایەتییەکانیان پەرشوبڵاون و ناوچەیەکی دیاریکراویان نییە,بنچینەی ئەم سیستمە ئەسڵی کەسایەتی و مافی تاکەکەسەکانە.

- ئەوان دەتوان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی هۆوییەتی فەرهەنگی بە کۆمەڵیان بنیات و دامەزراوەی جۆراوجۆرساز بکەن و لە

ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا (بەتایبەت ئۆرگانە راوێژکارییەکان)نوێنەریان هەبێ.

- کەموکوڕی هەرە گەورەی ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی نەبوونی چوارچێوەیەکی ناوچەیی و سەرزەمینییە و ئاڵۆزی و پەرش وبڵاوییەکەی بەڕێوەبردن دژواردەکات.

– **خودموختاری ناوچەیی:** تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی خودموختاری ناوچەیی، بوونی چوارچێوەیەکی جوگرافیایی و سەرزەمینی دیاریکراوە، کە بەشێک لە دابەشکردن(تقسیمات)ی ئیدارەی وڵاتیش پێک دێنێ، لە هەر وڵاتێک ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ کەمایەتییەکان لەنەزەر گیرابێ بە مانای بەڕەسمی ناسینی ئەو کەمینەیە لە لایەن و ڵاتەکەشەوەیە.

- ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لە چوارچێوەی ئیدارەکردن دێتە دەرێ و دەگاتە سنووری گۆڕان لە شێوەیەکەوە بۆشێوەیەکی دیکە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە رووی نەداوە کە لە سنووری ناوچەییەوە بگۆڕێ بۆ فێدراڵی، چونکە دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی سادەیە وەک بریتانیا (ئیرلەندی شمالی - وێلز - ئێسکاتلەند)

۳۰ی ئەپریلی ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe

## جیاوازییەکانی نێوان فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزم(کۆنفیدراسیون)

**– فیدرالیزم وەک سیستمی حکومەتی:** سیستەمێکی دیموکراتیکە کە بە پێی ڕێککەوتنی هاوبەشی دەستووری، سەروەری بە شێوەی ستوونی لە نێوان حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ)و هەرێمەکان، کانتۆنەکان و پارێزگاکان دابەش دەکات و لە هەردوو ئاستی حکومەتی دا دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، بەشێوەی ئاسۆیی لێک جیا دەکاتەوە.

**– کۆنفیدراسیون:** دوو یان چەند دەوڵەت،بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە، بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو (کاروباری دەرەوە، بەرگری یان ئابووری) پەیمانێکی نێودەوڵەتی پێک دێنن کە ئەو پەیمانە دەبێتە هۆی دروست بوونی "نیهادێکی بەڕێوەبەری هاوبەش" کە پێی دەگوترێ کۆنفیدراسیۆن.

**– جیاوازی نێوان کۆنفیدراڵیزمو فیدراڵیزم:**

١- **لە کۆنفیدراڵیزمدا؛** دەوڵەتەکان وەک یەک نوێنەریان لەو پەیمانەدا هەیە، بەڵام لەهەموو دەوڵەتانی فیدراڵیدا هەرێمەکان، کانتۆنەکان و پارێزگاکان، وەک یەک نوێنەریان لە ناوەند دا نییە.

٢- **لە کۆنفیدراڵیزمدا؛** دەوڵەتانی ئەندام مافی جیا بوونەوەیان پارێزراوە، بەڵام لە فیدراڵیدا هەرێمەکان مافی جیابوونەوەی یەک لایەنەیان نییە.

٣- **کۆنفیدراسیۆن؛** لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەسایەتی یاسایی نییە، بەڵام هەموو دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیمانەدا کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەییان پارێزراوە، لە فیدراڵیزمدا تەنیا دەوڵەتی فیدراڵ لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەسایەتی یاسایی هەیە.

٤- **لە کۆنفیدراسیۆندا؛** بڕیارەکان بە کۆی دەنگ (اتفاق ارا) دەدرێن، بەڵام لە فیدراڵیدا هەمیشە بڕیارەکان بە کۆی دەنگ نادرێن.

**٥- لە کۆنفیدراسیۆندا؛** دەوڵەتەکان مافی ڤیتۆکردنی بڕیارەکانیان هەیە،بەڵام لە هەموو دەوڵەتانی فیدراڵیدا ئەو مافە بۆ هەرێمەکان، کانتۆنەکان وپارێزگاکان، پارێزراو نییە.

**٦- لە کۆنفیدراسیۆندا؛** دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵات و سەلاحییەتیان وەک یەک و یەکسانە،بەڵام لە هەموو دەوڵەتانی فیدراڵیدا هەرێمەکان دەسەڵاتو سەلاحییەتیان وەک یەک نییە.

**٧- لە کۆنفیدراڵیزمدا؛** ناوەند خاوەنی سەرچاوەی دارایی‌و پێگەی هەڵبژاردنی سەربەخۆ نییە، بەڵام لە فیدراڵیزمدا حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ) بە پێی یاسا خاوەنی دەسەڵاتی دارایی‌و پێگەی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە.

**٨- سنووری دەسەڵاتی کۆنفیدراسیۆن** گرێدراوی دەوڵەتانی ئەندامە و تەنیا ئەو بەشە لە دەسەڵات پراکتیزە دەکات کە دەوڵەتانی ئەندام پێیان داوە، بەڵام لە فیدرالیزمدا حکومەتی ناوەندی (فیدراڵ) هێندێک دەسەڵاتی بە پێی یاسا پێدراوە کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەتوانێ پراکتیزەیان بکات.

**٩- لە کۆنفیدراڵیزمدا؛** تەنیا دەوڵەتانی ئەندام پابەندن بە بڕیارەکانی ئەو پەیمانە نەک هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام، بەڵام لە سیستەمی فیدراڵیدا هەموو هاووڵاتیان پابەندن بە بەڕێوەبردنی بڕیارات و یاساو ڕێسای دەوڵەتی فیدراڵ.

**٢٠ی مای ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی حکومەتی یونیتەری (یەکتیکەیی)و حکومەتی فیدراڵی

ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکان لە لایەن یاسای بنچینەییەوە تەنیا بە حکومەتی ناوەندیی بسپێردرێ، پێی دەگوترێت فۆرمی یەکتیکەی (یونیتەری) حکومەت. بەڵام کاتێک کە یاسای بنچینەیی، دەسەڵات دابەش دەکات لە نێوان حکومەتێکی ناوەندیی و حکومەتە پێکهێنەرەکان و کارەکان دابەش دەکات، پێی دەگوترێ سیستەمی فیدرالی. دەوڵەتە یەکتیکەکان تەنیا یەک ئاستی حکومەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتاییدا هەیە. ڕەنگە حکومەتی ناوەندیی دەسەڵات بدات بە یەکە خۆجێییەکان، بەڵام دەسەڵاتی یاساییشی هەیە بۆ وەرگرتنەوەیان.لە سیستەمی فیدراڵدا، یاسای بنچینەیی سەرچاوەی هەردوو دەسەڵاتی ناوەندیی و یەکە پێکهێنەرەکانە. هەر یەکەیەک، ناوەندێکی دەسەڵاتی هەیە کە سەربەخۆیە لە ویستی ئەوانەی کە ئاستەکانی تری حکومەت کۆنترۆڵ دەکەن. کەواتە گرنگترین جیاوازیی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و یونیتەرییەکان لە تەرخانکردنی سەڵاحییەتە بنەڕەتییەکان دایە.

– بە کورتی لە گرنگترین جیاوازییەکانی ئەم دووانە دەکرێ بەم خاڵانە ئاماژە بکرێت:

١- بە پێچەوانەی سیستەمی فێدراڵ کە یاسا بنچینەییەکەی نووسراوەیە، لە یەکتیکەدا ڕەنگە نووسراو یان نەنووسراوە بێت.

٢- لە یەکتیکەدا یاسای بنچینەیی پتەو یان نەرمونیانە و گۆڕانی یاسای بنچینەیی بە شێوەی ئاسایی کاتێک ڕوودەدات کە "حیزبی دەسەڵاتدار زۆرایەتی پێویستی"هەبێت کەچی لە فێدراڵدا تەنیا پتەوە.

٣- لە یەکتیکەدا تاقە حکومەت هەیە،بەڵام بە پێچەوانەوە لە یاسای بنچینەیی فێدراڵدا ئاماژە بە پێکهاتەی فێدراڵ و دووانەبوونی حکومەت (ناوەندیی و هەرێمی) دەکرێت وهەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکاریی و دادوەریی لە هەر دوو ئاستی فێدراڵ و هەرێمەکاندا دەبینرێن.

٤- بە پێچەوانەی یەکتیکە، لە فێدراڵیدا هاووڵاتییان شوناسی دووانەیان هەیە.

٥- لە فۆرمی یەکتیکەدا دەسەڵات لە ناوەند کۆ دەکرێتەوە و بە پێچەوانەوە لە فێدراڵ دا فرەیی حکومەت و سەرچاوەکانی

دەسەڵات بوونییان هەیە.

٦- زۆربەی سیستەمە فێدراڵەکان دوو ئەنجومەنین(فێدراڵ و نوێنەران).

٧- لە سیستەمی فێدراڵدا ڕێباز و سیاسەتەکان لەسەر بنەمای وتووێژ دەبن.

٨- بە پێچەوانەی سیستەمی فێدراڵ کە دادگایەکی باڵا لە ئاستی فێدراڵدا هەیە، لە یەکتیکەدا دەسەڵاتی دادوەریی تایبەت، بوونی نییە.

٢ی جوونی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کورتە زانیارییەک سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت

دەوڵەت چییە؟ دەوڵەت (پەیماننـامەیەکی جڤـاکییە) واتە کـۆنتراکتی کـۆمەڵایەتییە،کە لەوێـدا خەڵـک و حکـومەت جـۆرە ڕێککەوتنێکیان هەیە، بە پێی ئەو پەیماننامەیە دەوڵەت ڕێکخستنی ژیانو ئاسایشی خەڵک دەستەبەر دەکات، لە بەرامبەر ئەوەدا، خەڵک لە هەندێ لە دەسەڵاتی خۆیان چاوپۆشی دەکەن، بۆنموونە، ڕەچاوی ڕێسا دەکەن.

**– دەوڵەت لەوبەشانە پێکهاتووە:**

الف) دەسەلاتی یاسادانان،

ب)دەسەلاتی جێبەجێکردن،

ج) دەسەڵاتی دادوەری،

د) دەزگای ئیداری پۆلیسو هێزەچەکدارەکان.

**– دەوڵەت بەگشتی ٣ کۆڵەکەی سەرەکیی هەیە:**

١- شوێنی جوگرافی.

٢- حەشیمەت.

٣- سەروەری.

**– شوێنی جوگرافی**: بریتییە لە چوارچێوەیەک لە زەوی، دەریاو ئاسمان کە دەوڵەتێک دەسەڵاتی خۆی تێدا بەڕێوە دەبات، هەبوونی شوێنی جوگرافی بە مەرجی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەت دەژمێردرێ.

**– حەشیمەت:** بریتییە لە هەموو ئەوکەسانەی کە لە وڵاتێکدا نیشتەجێن، بە سەرنجدان بەو پێناسەیە، دەبێ ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیردرێن:

**تێبینی:**

١- هاووڵاتییە بیانییەکانی نیشتەجێی وڵاتێک بە بەشێک لە حەشیمەتی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن.
٢- حەشیمەتی وڵاتێک رەنگە لە چەندین توخم پێک بێ کە لە بواری رەگەز، زمان و ئایینو شارستانیەت جیاوازیان لەگەڵ یەکتر بێ وەک (روسییەوهێندوستان).

– **سەروەری:** بریتییە لە دەسەڵاتی باڵای بڕیاردان، ئیرادەیەک کە بە کردوە لە سەرووی ئیرادەکانی دیکەوەیە.

– **سەروەری دەوڵەت:** واتە سەربەخۆیی دەوڵەت بۆبڕیاردانو بەڕێوەبردنی کاروئەرکی دەوڵەت لە ئاستی ناوخۆ ودەرەوەی وڵات، بە واتایەکی دیکە بریتییە لە دەسەڵاتی باڵای بڕیاردان، دارشتنی یاساکان، بەڕێوەبردنی بڕیارەکان لە لایەن دەوڵەتی وڵاتێکەوە.

– **سەروەری ناخۆیی دەوڵەت:** واتە دەوڵەت لە سەرانسەری قەڵەمڕۆو چوارچێوەی حاکمیەتی خۆیدا "مافی دانانی یاساو بڕیاردانی" هەیە.

– **سەروەری دەرەکی دەوڵەت:** واتە دەوڵەت بۆ چارەسەری کێشەو پرسە ناوخۆییەکان پێویستی بە دەسەڵاتی دەرەکی نییە، هەروەها دەوڵەت بۆ دامەزراندنی پێوەندی، راگەیاندنی شەڕ یان ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا سەربەخۆ بڕیاردەدات.

– **جۆرەکانی دەوڵەت؛ دوو جۆرە کە بریتن لە:**

١- دەوڵەتی سادە
٢- دەوڵەتی ناسادە (فیدراڵ)

– **جیاوازی سەرەکی دەوڵەتی سادەو ناسادە:** لە چۆنیەتی دابەشکرنی دەسەڵاتوسەروەری دایە.

**– دەوڵەتی سادە:** دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاسۆیی پرەنسیپی ئەسلی قەوارەی حکوومەتیە.

**– دەوڵەتی ناسادە (فیدراڵی):** دابەشکردنی"سەروەریو دەسەڵات"بە شێوەی ستوونی پرەنسیپی ئەسلییە، دیارە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەم لە ناوەند و هەم لە هەرێمەکاندا دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن وادادوەری بە شێوەیەکی ئاسۆیی لێک جیا دەکرێنەوەوپێوەندی نێوانیان بە جۆرێک رێکدەخرێ کە سیستمی چاوەدێریو هاوسەنگی (چیکن بالانس) لە نێوان دەسەلاتەکاندا وەدی بێ، لە لایەکی دیکەوە "جوغرافیای وڵاتیش" دەکرێتە بناخەو چوارچێوە بۆ سپاردنی"توانای خۆبەڕێوەبردن"بە ناوچەکانو بەشداری لەدەسەڵاتو سەروەری ناوەندا.

**– نەزمی حقووقی لە دەوڵەتی سادەدا:** لە دەوڵەتی سادەدا، لەبەر ئەوەی یاسا یەک سەرچاوەو دەسەڵات یەک چوارچێوەی هەیە، تەنیا یەک نەزمی حقووقی هەیە (کە حکومەتی ناوەندییە)

**– نەزمی حقووقی لە دەوڵەتی ناسادە (فیدراڵی)دا:** لە دەوڵەتی فیدراڵی لەبەر ئەوە یاسا دوو سەرچاوەو دەسەڵات دوو چوارچێوەی هەیە، دوو نەزمی حقووقی هەن کە بریتین لە حکوومەتی ناوەندیو هەرێمەکان، ئەو دوو ئاستەی نەزمی حقووقی وەک دوو چینی تەنێک دەچن کە یەکێکیان لە سەرئەوی دیکە دانرابێ بەڵام دوو ئاستی رەقو تەواو لێک جیا نین، چ بەشێوەی ستوونی(لە نێوان هەرێمەکانو حکوومەتی ناوەند) و چ بەشێوەی ئاسۆیی(لە نێوان هەرێمەکاندا)، دامەزراوە جۆراوجۆرەکان دەکرێ یان پێکهێنەرو تەواوکەری یەکتربن یان هاوکاری یەکتربنو بە زۆر پلەو شێوە تێک بهاڵێن.

**٢ی جوونی ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕوانگەی "ستێفین باتێرلیکۆک" سەبارەت بە سیستەمی سیاسی وڵاتان

ئەو پۆلێنبەندییەی دەوڵەتەکان کە زۆرتر قبووڵ کراوە، پۆلێنبەندی "ستێفێن باتێر لیکۆک" بووە کەبەم چەشنەیە:

١- لە پۆلێنبەندییەکەدا حکومەتەکان دەکات بە دوو پۆلەوە،
یەکەم؛ دێمۆکراسی.
دووەم; دیکتاتۆری.

٢- دیکتاتۆری دوو جۆرە؛ پاشایەتی ڕەها (وەک ڕووسیای پێش شۆڕش)، و دیکتاتۆری (نازیسم و فاشیسم).
٣- دێمۆکراسی دوو جۆری هەیە؛ کۆماری (وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێندوستان)، پاشایەتی سنووردار (وەک بریتانیا).

٤- هەرکام لەم دوو جۆرە سەرەکییەی دێمۆکراسی دوو جۆرن؛
یەک پارچەی (وەک ئینگلیز) و فێدراڵی (وەک کانادا و سویس).

٥- هەرکام لەم دوو پێکهاتەی یونیتەری(یەکتیکەیی) و فێدراڵیش،
بۆ خۆیان دەتوانن پاڕلەمانتاری یان پرێزدێنتاڵ (سەرۆکایەتی) بن.

٦- پۆلێنبەندی کردن بە پاڕلەمانتاری و پرێزیدنتاڵ بەپێی پێوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکاریی و یاسادانانە کە لە فێدرالیزمدا گرنگیی تایبەتی هەیە.

٢ی جوونی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# فەلسەفە و هۆکارەکانی پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی

**– فەلسەفەی فێدراڵیزم:** فێدراڵیزم بریتیە لەکۆمەڵێک بیر و بەها و جیهانبینی کە دەربڕی"فەلسەفەیەکە لەسەر بناخەی پاراستنی فرەچەشنی لە یەکگرتووییدا". فێدراڵیزم ڕاستییە جۆرا وجۆرەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان لە بەرچاو دەگرێ، ڕێز و ماف و پێکەوە ژیانیان گرەنتی دەکات، فیدراڵیزم بناخەیەکە بۆ ئاشتی، ئامرازی ئاشتکردنەوەی دەوڵەتە لە گەڵ ئازادی مرۆڤەکان، شێوەیەکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، ڕێسای چاکسازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، نوێنگەی ڕێککەوتنی هاوولاتیانە، هۆکاری هاوپێوەندی گەلانە، ئیدەئالی پشکوتن و گەشەکردنی کۆمەڵە جۆراوجۆرە ئینسانییەکانە.

**– زاراوەی فێدراڵیزم:** لە وشەی لاتینی(fuedus)

بە واتای "بەڵێن"، "پەیمان"و "بڕیار" وەرگیراوە کە لەودا لایەنەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و ئارەزومەندانە و لەسەر بناخەی بەرژەوەندی هاوبەش "ڕێککەوتنێکی هاوبەشی بە دەستووری" لە نێوان خۆیاندا دەبەستن، بە پێی ئەم بەڵێنە سەرەڕای پاراستنی شوناسی پێشووی خۆیان، شوناسێکی گشتگیری نوێ وەکوو بنیاتی سیاسیو ...هتد پێک دێنن.

**– هۆکارە کانی پێکهێنانی سیستمی فێدراڵی:**

١- هۆکاری جوگرافیایی (پانوبەرینی رووبەری وڵات)
٢- هۆکاری ئابووری (وەبەرچاوگرتن و دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەتی هەر بەشێک لە وڵات)
٣- هۆکاری ئاسایشی (ترس لە دوژمنێکی دەرەکی هاوبەش و پێویستی یەکیەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی)
٤- هۆکاری مرۆیی (جۆراو جۆری گروپە مرۆییەکان، کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومییەکان لە وڵاتێک دا)
٥- هۆکاری سیاسی (دەوڵەتێکی گەورەتر، لەرێگەی دانیشتوانی زیاتر، خاکێکی زۆرتر، سەرچاوەگەلی دەوڵەمەندترەوە، باشتردەتوانێ لە مەودای نێودەوڵەتی دا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێو ڕوانگەکانی خۆی زاڵ بکات). لە ڕاستیدا، جیاوازییەکانی ناو هەر وڵاتێک لە رووی زمانی، ئایینی، رەگەزی و نەتەوەیی بە گرنگترین هۆکارەکانی پێکهێنانی سیستمی فێدراڵی دادەنرێن.

١٩ای جوونی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe

## شێوە جیاوازەکانی نانێوەندگەرایی سیاسی

**نانێوەندگەرا بوون، واتە چوارچێوە سیاسییەکە خاوەنی تەنیا ناوەندێک نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک ناوەندی هەیە کە لەرێگەی یاسای بنەڕەتی و تۆڕێک پێوەندی هاوبەشەوە پێکەوە دەبەسترێن.**

**١- دیسانترالیزاسیۆن شێوەیەکی دیاریکراو لە نانێوەندی کردنە،** واتە کەمکردنەوە و سنووردار کردنی دەسەڵاتی ناوەند،کە مەبەستی سیاسی هەیەو بریتییە لە: رادەیەک توانای ئیداری و هێندێک دەسەڵاتی و ردکردنەوەی یاسا کە لە هێندێک بواردا دەدرێ بە کۆمەڵێک ئۆرگانی هەڵبژێراوی ناوچەکانی وڵات (بۆ نموونە لە دەستووری فەڕانسە دا بریتین لە پارێزگاکان، کۆمۆنەکان، ناوچەکان و بەخشەکان ).

لە دیسانترالیزاسیۆن دا، تەواوی جوگرافیای وڵات وەک یەک بەسەر چەندین یەکە (واحید)ی ئیداریدا دابەش دەبن و سەڵاحییەتە ئیدارییەکانیشیان وەکیەک و بەقەرا یەکن.

دیسانترالیزم شێوازێکی نوێ نییە لە نانێوەندی کردن، پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەڵکیان لێوەرگرتووە،

ئێستاش زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو یان وڵاتانی روو لە گەشە، بە هۆکاری جۆرا وجۆر و بەرێژەگەلی جیاواز، شێوەگەلی جۆراو جۆر لە سیاسەتی نانێوەندگەرایی بەرێوە دەبەن.

**٢- شێوەیەکی دیکەی نانێۆندی کردن، خودموختارییە،** کە بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی کەمە نەتەوەییەکان، لە لایەن حکومەتی ناوەندی بە یەک یان چەند ناوچە یان هەرێمی دیاریکراو دەدرێ لە چواچێوەی وڵاتێکدا. بۆنموونە لە بریتانیا (خودموختارییەکانی "وێلز" ئیسکاتلەند "ئیرلەندی باکوور")

**٣- رێژیۆنالیسم (هەرێمگەرایی سیاسی)** شێوەیەکی دیکەیە لە نانێوەندی کردن، لەرێژیونالیسم دا، رادەی دەسەڵاتەکان فراوانترەو سروشتی سیاسیان هەیە، توانای وردکردنەوەی یاسا جاری وایە لە یاسادانان (نەک یاسا دانان) نزیک دەبێتەوە،



سەرچاوە Serchawe

هەرێمەکان بناخە و دەستەبەری دەستوورییان هەیە و بە جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوەندیشدا شەریکن بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بەشدارییە کەمڕەنگترە و هەرێمەکان و ناوچەکان دەسەڵاتی دەستووری و دادوەری" تایبەت بەخۆیان" نییە، بە فیدراڵی لە قەڵەم نادرێن. (بۆ نموونە لە وڵاتانی ئیسپانیا، ئیتاڵیا و فینلەند هەرێمی سیاسی هەیە)

٤- **فێدێراسی (پێوەندیی فیدراڵی)** شێوەیەکی دیکە لە نائێوندی کردنە. پێوەندی فیدراڵی ڕێکخستنێکی سیاسییە کە بە گوێرەی ئەو، بەشێکی گەورەی وڵات دەنووسێنرێت بە یەکەیەکی بچووکترەوە، بەڵام یەکەبچووکترەکە خودموختاریەکی بەرچاوی دەبێ و کەمترین ڕۆڵی دەبێ لە حکومەتی بەشەگەورەکە دا، پێوەندییەکەش تەنیا بە ڕێککەوتنێکی دوولایەنە هەڵدەوەشێتەوە وەک: (پێوەندی"پۆرتۆریکۆ"بە ئەمریکا و"کشمیر"بەهێندستان).

٥- **فیدرلیزم کاملترین و باشترین شێوەی نانێوەندی کردنە.** هەر سیستمێکی فیدراڵی لەسەر نانێوەندگەرایی راوەستاوە بەڵام هەر چەشنە نا نێوەندگەراییەک بە مانای سیستمی فێدراڵی نییە. جیاوازی سەرەکی لە نێوان سیستمی فێدراڵی و شێوەکانی دیکەی نانێوەندگەرایی لەوە دایە کە لە سیستمی فیدراڵیدا دەسەڵاتدارێتی دوولایەنە هەیە و سەروەری و دەسەڵات بە شێوەی ستوونی دابەش دەبێ و حکومەتی فێدراڵی ناسادەیە (مرکب). بۆنمونە (سویس، کاناد، بلژیک)

٤ی جووڵای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فتوای جیهادی خومەینی لەدژی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی خومەینی(رێبەری رێژیمی ئیسلامی ئێران (فتواو فەرمانی جیهادی لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیاند، لە ئاکامی ئەو فتوایە هەزاران کەس لەخەڵکی کوردستان شەهید بوون و هەزاران کەس لە پێرەوانی خومەینی و بەکرێگیروانی رێژیمی ئیسلامی ئێران کوژران و ئیستاش ئەو شەڕە داسەپاوە لە کوردستان درێژەی هەیە.

خومەینی پێی وابوو کاتێک رێژیمی ئیسلامی ئێران سەقامگیر دەبێ و "تەواویەتی ئەرزی ئێران" دەپارێزرێ و دەسەلاتی شۆڤێنیستی نەتەوەی فارس لە ئێران دا "ئەزەلی و ئەبەدی"دەبێ کە جولانەوەی میللی - دیموکراتیکی رۆژهەلاتی کوردستان کۆتای پێ بێت و نەتەوەی کورد ڕازی بێت وەک "کۆیلەی دەسەلاتدارانی فارس"لە ئێران دا بژی.

خومەینی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناڕەواکەی خۆی،وەک مەرجەعێکی ئیسلامی رایگەیاند کە خەباتگێرانی کورد بەتایبەتی و خەلکی کوردستان بە گشتی کافرن، ئەوەبوو( لە٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨هەتاوی) فتوای جیهادی لە دژی نەتەوەی کورد راگەیاند.

جولانەوەی میلی - دیمۆکراتیکی خۆرهەلاتی کوردستان لە پێناو پاراستنی"مان و مەوجوودییەتی کورد و سەلماندن و چەسپاندنی مافی ڕەوای خۆیدا"دیفاعی مەشروعی هەڵبژارد و بۆ ئەو مەبەستە خەباتێکی جیددی و شێلگیرانەی لە دژی رێژیمی ئیسلامی ئیران گرتە بەرو هەر ئیستاش ئەوخەباتە بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە.

هەرچەند رێبوارانی رێگای خومەینی هەتا ئێستاش بەکردەوە پێرەوەی لەم فتوایە دەکەن و بۆ سەرکوت کردن و کۆتای هێنان بە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە هەموو ئامرازێکی ناڕەواو دژی ئینسانی بەدڕندانەترین شێوە کەڵک وەردەگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەن و ریشەدارو زیندوویەو لە سەرخاکی باب و باپیرانی خۆی دەژی و باوەڕی قووڵی بە"مان و مەوجوودییەت و مافی ڕەوا"ی خۆی هەیە و بە ئیرادەیەکی سیاسی پتەو و بەهێز دیفاع و بەرگری لە خۆی دەکات، ئیستا کە ٤٤ سال بەسەر فتواکەی خومەینی دا تێدەپەڕێ نەتەنیا کورد لە نێو نەچووە بەڵکوو جۆلانەوەی میللی - دیموکراتیکی کورد بەهێزتر لە رابردوو بە شێوی جۆراوجۆر درێژە بەخەبات و دیفاعی ڕەوای خۆی دەدات و بەرێوەبەرانی فتوای جیهادی خۆمەینیش زیاتر لە هەر کاتێک لە ئاستی جیهانیدا رێسوا بوون و گەمارۆ دراون و تەریک کەوتوونەتەوە و لە ئاستی ناوخۆیشدا نائومێد و داماو دەستەوەستانن.

١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

سەرچاوەکان: ماڵپەری کوردستان میدیا، ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان و تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٠ی زایینی

نۆژەن کردنەوە: ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥یزایینی

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ حوسێن نازدار بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتارو بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

